گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٧٨

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٧٨ – خەزەڵوەری – نوامبری ٢٠٢٥


سەروتار

## ملهوڕیی ئەمریکا لەسەر بەستێنی قەیرانی مەشرووعییەتی نەزمی جیهانیدا؛ خەڵکی کوبا هەروا لە گەمارۆی ئابووریدان


کۆبونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی چوارشەممە، حەوتی خەزەڵوەر، بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای نوێنەرانی وڵاتانی جیهان، بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد کە تێیدا بۆ چەندەمین جار داوای لەئەمریکا کرد کۆتایی بەگەمارۆ وسزائابووری،بازرگانی وداراییەکانی سەرخەڵکی کوبا بهێنێت. ئەم بڕیارنامەیە بە ١٦٥ دەنگی ئەرێنی و تەنها ٧ دەنگی نەرێنی (کە ئەمریکا و ئیسرائیل لەنێویاندا بوون) و ١٢ دەنگی بێلایەن پەسەند کرا. ئەمە ٣٣ـیەمین ساڵە لەسەریەک کە بڕیارنامەیەکی لەم شێوەیە لە کۆبونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند دەکرێت و ئەمریکا پابەندی نابێت. لەم ماوەیەدا، ئەمریکا تەنها لە ساڵی ٢٠١٦ و لە سەردەمی ئۆبامادا دەنگی بێلایەنی پێدا، لە هەموو حاڵەتەکانی تردا دەنگی نەرێنی داوە. فەرمانی سەپاندنی سزاکان دژی کوبا ٦٣ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن جان ئێف کێنەدییەوە دەرچوو. سزاکانی ئەمریکا دژی گەلی کوبا درێژترین سزایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە تەنها بە تاوانی تەسلیم نەبوونی ئەم وڵاتە بە سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا، بەسەر خەڵکەکەیدا سەپێنراوە. ئەم سزایانە لەو کاتەوە تا ئێستا ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوبای ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆر کردووەتەوە

کردەوەکانی لەم جۆرەی ئەمریکا تا ئێستا بووەتە هۆی بێبایەخبوونی زیاتری ئەو دامەزراوانەی کە بە ڕەواڵەت سیستەمی جیهانی سەرمایەداری لەژێر هەژموونی ئەمریکادا لەسەری دامەزراوە. لەگەڵ توندبوونەوە و قووڵبوونەوەی زیاتری قەیران و کێبڕکێی نێوان هێزە سەرمایەدارییەکان، ئەم دامەزراوانە زیاتر لە ڕابردوو بوونەتە پاشکۆی ئەمریکا و هێزە سەرمایەدارییەکانی تر و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بەکاردەهێنرێن. لە نموونەیەکی تردا بۆ بێبایەخکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای پەسەندکردنی پڕۆژەی "چارەسەری دوو دەوڵەت" لە ٣١ی خەرمانانی ئەمساڵ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ١٥٤ دەوڵەت لە کۆی ١٩٣ دەوڵەتی ئەندام دووبارە پەسەند کرایەوە، ناتانیاهۆی فاشیست ڕایگەیاند کە "تەنانەت ئەگەر



## یادی ١٠٨ ساڵەی شۆڕشی کرێکاران لەڕووسیە

## ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران



## بە یادی هاوڕێ جەعفەر شەفیعی
سیمای هەمیشە زیندووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی

## کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "مافی مرۆڤ لە ئێران لە دوای کۆماری ئیسلامی لە ئۆسلۆ و لارێی ئیبراهیم عەلیزادە

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
لە مەحکوومکردنی دەستبەسەرکردنی ژمارەیەک نووسەر و توێژەری چەپ

## ڕاگەیەندراوی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
بۆ ئیدانەکردنی فشار و دەستبەسەرکردنی مامۆستایانی کوردستان و پشتیوانی لە هاوپشتیی خوێندکاران

بە زەبری زۆریش بوویێت، هەرگیز ڕێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستین نادات." ئەمە لە کاتێکدایە کە مافی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ فەڵەستینییەکان هاوکات لەگەڵ بەفەرمی ناسینی مافی گەلی ئیسرائیل بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ساڵی ١٩٤٨دا بە فەرمی ناسێنراوە

نموونەیەکی دیکەی بێبایەخکردنی دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک یەکێک لە پایەکانی دیموکراسی درۆزنانەی سیستەمی سەرمایەداری، دەرنەکردنی ڤیزا بۆ مەحموود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی فەڵەستین و شاندی یاوەری، بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خەرمانانی ئەمساڵدا بوو. ئەم کردەوەیەش کە بە پێشێلکردنی یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت،



لە کاتێکدا ئەنجام درا کە ناتانیاهۆ تا ئێستا چەندین جار بەبێ نیگەرانی لە دەستگیرکران سەردانی ئەمریکای کردووە. شایەنی باسە کە ناتانیاهۆ و گالانت، وەزیری پێشووی بەرگریی ئیسرائیل، لە سەرماوەزی ساڵی ڕابردوودا لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لاهەوە وەک تاوانبارانی جەنگ لە جینۆسایدی گەلی فەڵەستین و تاوان دژی مرۆڤایەتی ناسێنران و فەرمانی دەستگیرکردنی نێودەوڵەتییان بۆ دەرچوو. ئەمریکا شایستەیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیش بە فەرمی ناناسێت و ئەم بڕیارانە ڕەت دەکاتەوە

بانکی جیهانی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، وەک ئامراز و بنەمای ئابووریی سیستەمی جیهانی سەرمایەداری، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هێزە سەرمایەدارییەکانی تردا لە کێبڕکێ لەگەڵ بلۆکەکانی دیکەی سەرمایەداریدا بەکاردەهێنرێن. بەم شێوەیە دەبینین زۆرێک لەو دامەزراوانەی کە دوای جەنگی جیهانیی دووەم بۆ پاراستنی سیستەمی جیهانی سەرمایەداری دامەزران، لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش، سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و هتد، ئیفلیج بوون و لە حاڵی هەڵوەشانەوە و لەدەستدانی پێگە و هۆکاری بوونی خۆیاندان. لەگەڵ توندبوونەوەی قەیرانی ئابووری و هاتنە مەیدانی جەمسەرە سەرمایەدارییەکانی تر لە ئاستی جیهاندا، زۆرێک لە ئامرازە بنەڕەتییەکانی سیستەمی کۆن لە قۆناغی تێپەڕبوون لە جیهانی یەک جەمسەری و سەقامگیریی جیهانی فرە جەمسەریی سەرمایەداریدا، بایەخی خۆیان بۆ ئەوان لەدەست داوە. لەگەڵ گۆڕانی هاوسەنگی هێزی سەربازی و ئابووریی هێزە سەرمایەدارییەکان و لەگەڵ پێکهاتنی بلۆکبەندیی نوێ، ئەوان لە پرۆسەی دووبارە پێناسەکردنەوەی پێکهاتەکانی سیستەمی نوێی جیهانیدان. بڕین یان کەمکردنەوەی بودجە و دابینکردنی دارایی ئەم دامەزراوانە، لەنێویاندا نەتەوە یەکگرتووەکان، لەلایەن ئەمریکاوە، زیاتر خستوونیەتە ژێر فشارەوە و بەرەو هەڵوەشانەوە و لەناوچوونیان دەبات

لەم بارودۆخەدا، هێزە ژیۆپۆلەتیکەکانی جیهان، لەوانە عەرەبستانی سعوودی، تورکیا، میسر، ئیسرائیل و دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی کەنداو، بە لەبەرچاوگرتنی سەرهەڵدانی بەهێزی ئابووری و سیاسی چین و هێزی سەربازی ڕووسیا وەک جەمسەرەکانی سەرمایەداری و بە چوونە پاڵ بلۆکبەندییە سیاسییە نوێیەکانەوە، خوازیاری ڕۆڵ و پشکی زیاترن لە سیستەمی نوێی جیهانیدا. هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕۆژی شەممە، یەکی نوامبر، لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئیستانبوڵ لەژێر ناوی "گەڕانەوەی دیپلۆماسی پڕ مەترسیی هێزە ناوەندییەکان و سیستەمی فرە جەمسەری"، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە جیهان لە قۆناغی تێپەڕبووندایە لە سیستەمی یەک جەمسەری، وتی: "جیهان دەبێت بڕیار بدات کە لەسەر بنەمای فرەلایەنی دووبارە بنیات بنرێتەوە، یان بگەڕێتەوە بۆ کێبڕکێ وێرانکەرەکان." فیدان بە ئاماژەدان بە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پووکانەوەی شەرعییەت و ئیفلیجبوونی حوکمڕانی جیهانی، خوازیاری دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەندامێتیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بوو، بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو لە کاتێکدا ئەم قسانە دەکات کە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا وەک هاوپەیمانی ئەمریکا و ئەندامی ناتۆ، لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا تاوانکارانەترین ستراتیژ و سیاسەتی ناوخۆیی و هەرێمی پەیڕەو کردووە و لە شەڕ و ئاڵۆزی و کێبڕکێکانی ناوچەکە و پێشێلکردنی دیموکراسی و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤدا، یەکێک لە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بووە

بێگومان جیهان لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداریدا، لە هەر جۆر و شێوەیەک بێت، یەک جەمسەری یان فرە جەمسەری، هەروا شایەدی پشێوی، شەڕ و خوێنڕێژی، وێرانی و ئاوارەیی دەبێت. سەرهەڵدانی نیۆفاشیزم و ڕەوتی ڕاستڕەوی توندڕەو، کە دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا نوێنەرایەتی دەکات، جیهان بەرەو کارەسات دەبات. لەم پەیوەندییەدا، ترەمپ ڕۆژی پێنجشەممە، هەشتی خەزەڵوەر پێش دیداری لەگەڵ شی جین پینگ، فەرمانی بە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا کرد کە دەستبەجێ دەست بکەنەوە بە تاقیکردنەوەی چەکە ئەتۆمییەکان

لە وەها بارودۆخێکدا، تەنها پەرەسەندنی مانگرتن و نارەزایەتییەکانی کرێکاران و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە سەرانسەری جیهان و هاوپشتی ئینتەرناسیۆنالیستی ئەم بزووتنەوانە بە ئاسۆیەکی سۆسیالیستییەوە، دەتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەردەم بەردەوامبوونی شەڕ و ئاڵۆزییەکان و ڕێگری بکات لە بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لە کێبڕکێی نێوان هێزە ئەتۆمییەکانی جیهاندا

❊ ❊ ❊

# کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "مافی مرۆڤ لە ئێران لە دوای کۆماری ئیسلامی لە ئۆسلۆ و لارێی ئیبراهیم عەلیزادە

کۆبوونەوەی عەلەنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "مافی مرۆڤ لە ئێران لە دوای کۆماری ئیسلامی" لە ڕۆژی شەممە ٢٧ی مانگی ڕەزبەری ١٤٠٤ بەرابەر لەگەڵ ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ لە ئۆسلۆ پایتەختی نۆروێژ بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەی پشتی دەرگای داخراوی ئەم کۆنفرانسەش بە بەشداری نوێنەرانی ئەحزابی سیاسی ڕۆژی یەکشەممە بەڕێوەچوو و کۆتایی هات. ئەم کۆنفرانسە کە لە تەلەڤیزیۆنی ئێران ئینترناشناڵ بڵاو کرایەوە و ڕەنگدانەوەی بەرینی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو، دەبێ لەسەر بەستێنی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە ئێران هەڵسەنگێندرێت

واقعییەت ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قووڵترین و هەمەلایەنەترین قەیرانەکانی تەمەنی بەرەوڕوویە. لە ناوەوەی ئێران قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، گەندەڵی سیستماتیک، ئاکامی پەرەسەندنی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، قەیرانی لە کۆنترۆڵ دەرچووی ژینگە و هەڵاوسان و گرانیی بێوێنە، حکوومەتی ئیسلامی خستووەتە پێگەیەکەوە کە تەنانەت توانای دابین کردنی نان و ئاو، بەرق و هەوای ساڵمی بۆ هەناسەکێشان نییە. ئەم وزعە فەلاکەتبارە ئابوورییە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی خستووەتە ئاسۆوە. حکوومەتی ئیسلامی لەئاستی نێونەتەوەییدا بۆ کۆکردنەوەی بەرنامەی ئەتۆمی، ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی مووشەکی بالستیک، کۆتایی هێنان بە ناردنی چەک و یارمەتی دارایی بۆ هێزە نیابەتییەکان، لەژێر فشاری ئەمریکا و دەوڵەتانی ئورووپایی دایە. ئەوەش لە یەک کەلامدا یانی دەبێ بێ شەرت و مەرج تەسلیم بێت. هەروەها بارودۆخی نە شەڕ، نە ئاشتی لەژێر سێبەری هەڕەشەی شەڕی دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکادا، ناکۆکی و کێشمەکێشی ناو باڵەکانی حکوومەتی بردووەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە. ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە ناوەوەی دەسەڵاتدا ئاڵای سازش و تەسلیم لە بەرامبەر ئەمریکا و دەسەڵاتە ئورووپایەکان بەرز کردووەتەوە و مانەوەی نیزامی ئیسلامی لە گرەوی سازش لەگەڵ ئەمریکا و لابردنی گەمارۆکان دەبینن. بناژۆخوازانی توندڕەو و باڵی پایداری لە بەرامبەر ئەم فشارانەدا لەسەر موقاوەمەت زۆرینە و درێژەی قوماری ئەتۆمی پێداگری دەکەن. کادری ڕێبەریی سپای پاسداران کە سەرچاوە و ئامرازە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی لەدەستدایە و لەو واقعییەتە ئاگادارە کە هاوسەنگی هێز لەچاو دە ساڵ لەوەپێش کە ڕێککەوتنی بەرجام واژۆکرا، بەتەواوی بەزیانی کۆماری ئیسلامی گۆڕاوە، لە عالەمی واقعدا شکستی قبووڵ کردووە و بەشوێن دیتنەوەی فۆرموول و بەیانێکی ئابڕوومەندانە بۆ ئەم شکستەیە. سپای پاسداران کەڕوو بە خەڵک و دوژمنی ناوخۆیی شمشیری لە ڕووەوە بەستووە، لە هەمان کاتدا

خوازیاری سازشی ئابووریمەندانە لەگەڵ ئەمریکایە تا بەڵکوو بتوانێ بۆ درێژەی دەسەڵاتی نیزامی ئیسلامی، ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی ئێرانی لە پشت سەری خۆی بێنێتە مەیدان. بەم حاڵەوە هەتا کاتێک سپای پاسداران کە ئامرازە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، فۆرموولێکی موعجزەئاسای سازشی ئابوورییمەندانە یان قارەمانانە کە هاوکات دەبێ لەلایەن ترامپیشەوە قبووڵ بکرێ نەبینێتەوە، فشارەکانی ئەمریکا هەروا درێژەی هەیە

دەوڵەتی ئەمریکا وەک سەرۆکی ناتۆ و لە هاوپەیمانی لەگەڵ یەکیەتی ئورووپا هێشتا سیاسەتی رووخاندنی رژیمی کۆماری ئیسلامییان نییە. بەڵکوو دەیانهەوێ بە فشاری کۆنترۆڵکراو، رژیمی کۆماری ئیسلامی لەڕاستای ئامانجەکانی خۆیاندا ناچار بە تەسلیمبوون بکەن. چالاک کردنی مێکانیزمی ماشە و پەرەپێدانی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، هەڕەشەی شەڕی ئیسرائیل لەدژی ئێران، بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێکهێنانی فورسەت و مەیدانی مانۆری سیاسی و تەبلیغاتی بۆ رێفۆرمخوازانی حکوومەت لە ناوەوەی نیزامی ئیسلامی، وە کەڵک وەرگرتن لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنە راستەکان وەک ئامرازی فشاری سیاسی و رەوانی لەسەر کۆماری ئیسلامی لە خزمەت ئەم فشارە کۆنترۆڵکراوەدایە. لە وەها بارودۆخێکدا بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "مافی مرۆڤ لە ئێران لە دوای کۆماری ئیسلامی" لە ئۆسلۆ بە کۆمەکی ناوەندە بەناو غەیرە دەوڵەتییەکانی ئورووپا دەبێ لە درێژەی کۆبوونەوەی "جۆرج تاون"ی واشینگتۆن لە فوریەی ٢٠٢٣ و لە درێژەی کۆبوونەوەی سەڵتەنەتخوازەکان لە موونیخ لە کۆتایی مانگی جولای ئەمساڵ، وەک بەشێک لە فشاری سیاسی و رەوانی کۆنترۆڵکراوی ئەمریکا و ئورووپا بۆ رام کردنی کۆماری ئیسلامی و نەجاتدانی سەرمایەداری ئێران لە مەترسی شۆڕش هەڵسەنگێندرێت. ئۆسلۆ کە سەردەمانێک شوێنی بەڕێوەچوونی گفتوگۆی پشتی پەردەی هێندێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردەکانی ئێران بە داهێنانی رێکخراوی بەناو غەیرە دەوڵەتیی"نورێف" لەگەڵ رژیمی کۆماری ئیسلامی بوو، لەئێستادا بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە راستەکان بەبێ رەزای پەهلەوی. وە بووەتە شوێنێک بۆ تەمرینی ئالترناتیف سازی لەژێر ئاڵای دیفاع لە مافی مرۆڤ و هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی

بۆ ناسینی زیاتری پێگە و سرووشتی ئەم کۆنفرانسە سەرنج بدەنە پێکهاتەی بەشداربووانی: شیرین عبادی و عەبدوڵلا موهتەدی هەر ئەو موسافرانەن کە سواری ئۆتۆبووسە خوارییەکەی رەزای پەهلەوی بوون و لە کۆبوونەوەی جۆرج تاونی واشینگتۆن کە بە داهێنانی پەهلەوی بەڕێوەچوو، بەشدارییان کرد. وە شان بە شانی ئەو هەتا ئامادە کردنی "مەنشووری مەهسا" و خەنجەر لێدان لە پشتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ژینا چوونە پێش. بەڵام کاتێک کە ئەم پرۆژەیە شکستی خوارد و رسوایی لێکەوتەوە، لە ئۆتۆبووسەکە دابەزین و ئێستا دووبارە لە قالبێکی تازەدا و لە جلی مافی مرۆڤدا، بە پەیوەست بوون بە موسافرانی بەجێماو، دیسان بوونەتەوە

هاوڕێی یارانی سەڵتەنەتخواز

فواد پاشایی، سەرۆکی حیزبی مەشرووتەی ئێران لایەنگری نیزامی پاشایەتی و خوازیاری بەرەنگاری نیزامی کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی سەڵتەنەتی مەشرووتە لە ئێرانە. ئەم حیزبە بە ئارمی شێری نێری شمشێر بەدەست و خورشید، خۆی رەسمەن بە "لیبراڵ دیموکرات" و دژی کۆمۆنیزم و مودافعی یەکپارچەیی خاکی ئێران دەزانێت و بەرەنگاری ناوی رەمزی تێپەڕین لە رژیمی ئیسلامی بە یارمەتی دەسەڵاتە دەرەکییەکانە

پەزدان شهدایی، ئەندامی هەیئەت دەبیران و وتەبێژی شۆرای



مودیرییەتی گوزارە. ئەگەرچی لە بەڵگەکانی ئەم شۆرایەدا هاتووە کە لە نیزامی دیموکراسیی خوازراوی ئەواندا، دەسەڵات نە مەورووسی و نە ئیلاهییە، بەڵام بەوتەی دەبیر کولی ئەم شۆرایە، دژایەتی ئەم بەڵگەیە لەگەڵ دەسەڵاتی "مەورووسی" لە پێکهاتەی سیاسی داهاتووی ئێراندا "بە هیچ شێوەیەک" بە مانای وەلانانی سەڵتەنەتخوازان لە "شۆرای مودیرییەتی گوزار" نییە و ئەوان لەم شۆرایەدا حزوورییان هەیە. بنەماڵەی سەڵتەنەت کە بە مەنتقی شۆڕش و ئیرادەی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران راماڵدران لەڕێگەی "شۆرای مودیرییەتی گوزار" و حیزبی مەشرووتەی ئێرانەوە دەگەڕێنەوە مەیدان

مەهدییە گوڵروو ئەندامی هەیئەتی سیاسی ئیجرایی هاوپشتیی کۆماریخوازانی ئێرانە. ئەم رێکخراوە ئامانجی خۆی تێپەڕینی بەدوور لە توندوتیژی لە کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی حکوومەتێکی سێکۆلار دیموکرات پێناسە دەکات. لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی موناسباتی خۆی لەگەڵ خەڵکی راپەڕیوی ئێران گەیاندووەتە ئاستێکی ئاشتی هەڵنەگر و زمانی دیالۆگی لەگەڵ خەڵک زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدامە. لە کاتێکدا کە ئاخێزی خەزەڵوەری ٩٨ و ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادی دیمەنی ئاشتی هەڵنەگربوونی نیشان دا، تەئکید لەسەر گوزاری بەدوور لە توندوتیژی ناوی رەمزی دژایەتی لەگەڵ شۆڕشە

رێکخراوەکانی جەبهەی میللیی ئێران لە بەشداربووانی دیکەی ئەم کۆنفرانسە بوون کە میحوری سیاتێژییان تەئکید لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران و دابین کردنی ئاسایشی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، ئازادی، رەفاهی گشتیی خەڵکی ئێران بە بێ هێرش کردنە سەر خاوەنداریەتی تایبەت و بە پشت بەستن بە درێژەی ئابووری نیئۆلیبرالیی بازاڕی ئازاد و مودیرییەتی غەیرە ئیسلامییە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی تەزامنی دیموکراتیکی ئەهواز و حیزبی خەڵکی بەلووچستان لەڕێگەی ئەندامانی رێبەری و دەبیری کولەکەیانەوە لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەرایەتی دەکران و هەموویان لە سیستمی فیدرالی لەسەر بنەمای نیزامی پارلەمانی بۆ داهاتووی ئێران، سەربەخۆ لە سرووشتی چینایەتی دەوڵەتی مەرکەزی دیفاع دەکەن و نیگەرانی ئەوان هەر لە ئێستاوە دیاریکردنی سنوورەکانی حکوومەتی فیدرالی مەحەلی لە داهاتوودایە

بەڵام چاوگێڕانێکی کورت بەسەر هەڵوێستی بەرنامەیی و ستراتێژیکی تەقریبەن هەموو حیزب و رێکخراوە بەشداربووەکان لەم کۆنفرانسە نیشانی دەدات کە ئەم جەریاناتە سەرەڕای ئیختلافاتیک کە هەیانە لەسەر سیاسەتی ستراتێژیکی پاراستنی موناسباتی سەرمایەداری لە بەرامبەر مەترسی شۆڕشی کرێکاری و جەماوەری و تەئکید لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران هاونەزەرن. بەدیلی ئەم جەریانانە بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی هەمان پاراستنی موناسباتی سەرمایەداری بە مودیرییەتی غەیرە ئیسلامییە. دوای تێپەڕینی نزیک بە نیو سەدە لە دەسەڵاتی سەرمایەداری بە مودیرییەتی ئیسلامی و بەئاستێکی بێوێنە لە هەژاری و فەلاکەتێک کە بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئەم کۆمەڵگایەیدا سەپاندووە، کرێکارانی ئێران دەبێ چاوەڕێ بن کە ئەم هێزانە لەژێر پۆششی رێز گرتن لە بڕگەکانی مافی مرۆڤ و هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی، ئەمجارە سەرمایەداری بە مودیرییەتی غەیرە ئیسلامی، لەڕاستیدا ئیستبدادی غەیرە دینی، وەک ئاکامی شۆڕش بۆیان بەدیاری بێنن. درێژەی موناسباتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، درێژەی سیاسەتەکانی ئابووریی نیئۆلیبراڵی، درێژەی هەرزان فرۆش کردنی هێزی کاری کرێکار بە مودیرییەتی غەیرە ئیسلامی، ناوەڕۆکی سەرەکی بەرنامەی ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی ئێران بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئێستا لە ئێرانە

هەرچەند ئیبراهیم عەلیزادە لە وتەکانیدا لە دوایین پانێلی ئەم کۆنفرانسەدا تەئکیدی کرد کە: "هەموویان لە بەرنامەکانیاندا شتی زۆر باشیان نووسیوە، هەموویان باشن. من لەگەڵ بەرنامەی هیچ حیزبێک موخالفەتێکی ئۆسوولیم نییە. لەوانەیە کەمێک لێرە و لەوێ ئینسان بتوانێ کەم یان زۆری بکات یان بڵێ ئەم فۆرموڵبەندییە کافی نییە". بەڵام لەڕاستیدا، ئیدیعای لیبراڵی، دیموکراسی خوازی و مافی مرۆڤی هەموو ئەم جەریانانە تەنیا پۆششێکی ئیدئۆلۆژیک بۆ پاراستنی سوڵتەی بورژوازی لە ئێرانە

لەو نێوەدا بەشداری حەمید تەقوایی لەم کۆنفرانسە بابەتێکی دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. چونکە ئەگەر بۆ رەوتی کۆمۆنیستی خەبات بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی نە ئامانجی کۆتایی، بەڵکوو خاڵێکی حەرەکەتە بەرەو زەوتکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی هەموو بورژوازی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی. بەڵام حەمید تەقوایی ساڵهایە کە ستراتێژی خەبات بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە ناوەڕۆکی چینایەتی بەتاڵ کردووە. حەمید تەقوایی و ئیبراهیم عەلیزادە ئاگاهانە یان نائاگاهانە، بەشێوەی عەینی بوونەتە ئامرازی

مەشرووعییەت دان بە هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست بۆ شکڵدان بە ئاڵترناتیڤ

لەناو بەشداربووانی کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی "مافی مرۆڤ لە ئێران لە دوای کۆماری ئیسلامی"دا، تەنیا حزووری ئیبڕاهیم عەلیزادە بەو وتارەی کە لە دوایین پانێلی کۆنفڕانسەکەدا پێشکەشی کرد، لە نیگای یەکەمدا وەک میوانێکی نەخوازراو و پینەیەکی ناجۆر دەچێ. ئیبڕاهیم عەلیزادە لەم پانێلەدا سەبارەت بە دوو مەترسی و نیگەرانی لە دەورەی گوزار و ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی هۆشداری دا. یەکیان ئەوەیکە لەدوای کۆماری ئیسلامی "چەک دەکەوێتە دەستی هەموانەوە و گرووپەکان لەگیانی یەک بەردەبن یان گرووپەکان بەرامبەر بە یەک بە زەبری چەک تەسویە حیساب دەکەن". دووهەم دەخاڵەتی دەرەوە، عەلیزادە دەڵێ "بە باوەڕی من مەترسییەکی دیکەش بوونی هەیە کە بە هەمان ئەندازە گرینگە ئەویش مەترسی دەستێوەردانی ئیمپریالیزمە، بەتایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکا". وە لەم پەیوەندییەدا ئاماژە بە دەخاڵەتی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان و لیبی و ... دەکات. ئیبڕاهیم عەلیزادە لە درێژەدا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم مەترسیانە، ئەم ڕێگاچارانە پێشنیار دەکات و دەڵێ: "کەوابوو ئەو قەولەی ئێمە لێیان وەردەگرین قەولی بەڵێنداربوونیان بە مافی مرۆڤ نییە. بەڵکوو دەبێ قەولی ئەوەمان پێ بدەن کە حیزبەکان چەکدار نابن و چەک لە ئیختیار ئۆرگانەکانی هەڵبژێردراوی خەڵکدا دەبێت". ناوبراو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسی دووهەم دەڵێ: "کەوابوو بۆ ئۆپۆزیسیۆن، بۆ ئەو جەمعەی کە لێرە دانیشتوون، ئەوەی من چاوەڕێی دەکەم، خۆبەدوور گرتن لە سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانە. هەر ئەوەندە لە دەستمان دێ کە هەموومان بڵێین ئێمە ئومێدمان بەوە نەبەستووە. ئێمە دژی ئەوەین. وە خەڵک بۆ ئەوە ئامادە دەکەین کە پشت بە ئیرادەی خۆیان ببەستن"

ئیبڕاهیم عەلیزادە بەو ڕێگاچارانەی کە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم مەترسییە واقعییانە دەیڵێت، یان شعووری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و تەشکیلاتەکەی خۆی لەڕادەبەدەر بە کەم داناوە یان ئەوپەڕی سادە ڕوانین بە سیاسەت و خەباتی چینایەتی نیشان دەدات. ئیبڕاهیم عەلیزادە لە کاتێکدا هۆشدار و ڕێگاچارە پێشکەش دەکات کە ماوەیەکە لەگەڵ شەش حیزب و ڕێکخراوی ناسیۆنالیست و ئیسلامی لە کوردستان چووەتە ناو دیالۆگەوە و بە قسەی وتەبێژانی ئەم شەش جەریانە، ئامانجی سەرەکی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانییە. ئەم شەش جەریانە کە هەبوونی هێزی چەکدار گرینگترین شێوازی خۆپێناسەکردنیانە، بە مۆدێل وەرگرتن لە ئەزموونی کوردستانی عێراق، بەردەوام لەسەر دوو پایەی ستراتێژی سیاسی خۆیان، واتە ئۆمێد بەستن بە دەستتێوەردانی ئەمریکا و دەسەڵاتی ئەحزاب لە دەورەی گوزاری دوای کۆماری ئیسلامی تەئکیدیان کردووە. مەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەدوای لەشکرکەشی ئەمریکا بۆسەر عێراق ئومێدواریی خۆی دەرنەبڕی کە بەڵکوو لەدوای ئازادی عێراق نۆرەی ئازادی ئێران و کوردستان بێت؟ مەگەر عەبدوڵڵا موهتەدی لە پەیامێکدا بەبۆنەی سەرکەوتنی ترامپی نیئۆفاشیست ئەم چاوەڕوانییەی لە سەرۆک کۆماری ئەمریکا نەکرد کە " لە شەڕ دژبە نیزامی دڕندە و سەرکوتگەری ئیسلامی لە ئێران و لە خواستی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی، ئاشتی و سەقامگیری پشتیوانی بکات". مەگەر حیزبی پاک بە ئاشکرا لە هێرشی ئیسرائیل بۆسەر ئێران پشتیوانی نەکرد؟ یان سازمانی ئیسلامی خەبات کە وەک ڕێکخراوی کوردستانی سازمانی موجاهدینی خەلق لە کوردستان چالاکی دەکات بێجگەلە پشت بەستن بە حمایەتی ئەمریکا ئاسۆیەکی دیکەی بۆ بەشدار بوون لە دەسەڵاتدا هەیە؟ ئیبڕاهیم عەلیزادە لەگەڵ ئەو حیزب و سازمانانەدا چووەتە ناو هاوپەیمانیی سیاسی پایدارەوە کە ئەم هێزانە بە پێی نەخشەی ستراتێژیکیان کاناڵی ڕەوانەکردنی ئەو مەترسییانە بەرەو ئێرانن. مەگەر ئەزموونی لەشکرکەشی ئەمریکا بۆسەر عێراق و ئەفغانستان و دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکان لەم وڵاتانە، هەر ئەوەی نیشان نەدا؟ مەگەر ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠١دا هاوکات لەگەڵ لەشکرکەشی بۆسەر ئەفغانستان هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بورژواییەکانی ئەم وڵاتەی لە کۆنفڕانسی شاری بۆنی ئاڵماندا کۆنەکردەوە و لەم ڕێگەوە دەوڵەتی ئینتقالی بە سەرۆکایەتیی حامد کەرزەی پێکنەهێنا؟ مەگەر دەوڵەتی هاوپەیمانی کاتی عێراق لە دوای هێرشی




ئەمریکا و بریتانیا بۆسەر عێراق لە پرۆسەیەکی هاوشێوەدا بە مودیرییەتی ئەمریکا شکڵی نەگرت؟ ئایا ئیبڕاهیم عەلیزادە لەو تەوەهومەدایە کە ئەگەر ئەمریکا ڕۆژێک بژاردەی ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی بخاتە دەستووری کارەوە و بە عەبدوڵڵا موهتەدی و باقی هێزەکان چەک و پارە و چرای سەوز نیشان بدات، عەبدوڵڵا موهتەدی دەچێ لە ئیبڕاهیم عەلیزادە لە ناوەندی دیالۆگ داوای بڕیاردان بکات؟

عەبدوڵڵا موهتەدی گەلێک جار "گەورەترین کاری ناوەندی هاوکاریی ئەحزابی ناسیۆنالیستی لێک نزیک بوونەوە بۆ پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێکهێنانی ئەرتەش و سپای نەتەوەیی و نیشتمانی پێناسە کردووە کە لە دەورەی گوزار و ناسەقامیگریدا ئیدارەی هاوبەشی کوردستان بکات. ئێستاش لە ناوەندی دیالۆگی ئەحزابی کوردستانیدا هەر لەسەر ئەم ستراتێژییە تەئکید دەکات. لەم ڕووەوە نابێ گومان لەوەداهەبێ کە ئەحزابی ناسیۆنالیست لێبڕاوانە بەدوای ستراتێژی خۆیانەوەن. وە "کۆنترۆڵکردنی ڕاپەڕینی خەڵک" لە قۆناغی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، "ئینتقالی دەسەڵات بە ئەحزاب"، "پێکهێنانی ئەرتەشی نەتەوەیی" و "ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی پارلەمان" و "زەوتکردنی دەسەڵات لە خەڵک"یان خستووەتە دەستووری کارەوە. بەپێچەوانەی تەسەوری فریوکارانەی ئیبڕاهیم عەلیزادە، حەقیقەت ئەوەیە کە هەڵوێستی بەرنامەیی و نەخشەی ستراتێژیکی ئەحزاب و لایەنە سیاسییەکان ڕیشەی لە بەرژەوەندی چینایەتی و ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەدایە کە لە ناویاندا سەریان هەڵداوە. وە دیالێکتیکی خەباتی چینایەتی نیشانی داوە کە بە دیالۆگ و پێشنیاری دۆستانە ناتوانی سرووشتی چینایەتییان بگۆڕی

بەلام مەسەلەکە بانتر لەوەیە کە بڵێین ئیبڕاهیم عەلیزادە لە داوی تەوەهومدا گرفتار بووە. ئەمە هەڵبژاردنێکی سیاسییە. عەلیزادەش دەستڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی دەسەڵات لە خۆهەڵواسین بەم هاوپەیمانییە سیاسییانەدا دەبینێ. حەقیقەتی تاڵ ئەوەیە کە ئیبڕاهیم عەلیزادە دەمێکە ئومێد بە دەورونەخشی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا لەدەستداوە. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەر کات هەڵسەنگاندنی ئاخێزە جەماوەرییەکانی کردووە، بە حاشاکردن لە کاریگەرییە سیاسی و مەعنەوییەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی ئێران لەسەر ئەم ئاخێز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە، بە تانە و تەشەر و بە لەحنێکی تەحقیرئامێزەوە ڕەخنەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی گرتووە تا زەمینەی زهنی ئەم وەرچەرخانە ئاشکرایە بەرەو ڕاست لەناو ڕیزەکانی تەشکیلاتی خۆیدا فەراهەم بکات. ئیبڕاهیم عەلیزادە تەنانەت لە کۆنفڕانسی ئۆسلۆ و لە ناوەندی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستەکانیشدا لە تانە وتەشەر لە هێزە کۆمۆنیستەکان غافڵ نەبوو و وتی: "ئێمە ئەوە خەریکین لەگەڵ ئەحزابی کوردی گفتوگۆ دەکەین. دەستەیەک هاتوون و وەبیریان هاتووەتەوە سرووشت و ماهییەتی ئەو حیزبە چۆنە و هی ئەوەی دیکە چۆنە. لەم بارەوە داستانمان بۆ دەگێڕنەوە. بە نەزەری ئێمە ئەوە ئەزرشی نییە". وە بەم جۆرە، خۆش خزمەتی خۆی بەم هێزانە نیشاندا

ئیبڕاهیم عەلیزادە لەبیری چووەتەوە کە لە ساڵی ٢٠١٦دا کاتێک کە تەرحی پلاتفۆرمی عەبدوڵڵا موهتەدی بۆ هاوکاریی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بڵاوکرایەوە، ناوبراو سەبارەت بە تەرحەکەی عەبدوڵڵا موهتەدی جەلەسەیەکی لە ئۆردووگای کۆمەڵە دانا کە باسەکانیشی بەشێوەی عەلەنی بڵاوکرایەوە. لەم جەلەسەیەدا ڕوو بە عەبدوڵڵا موهتەدی بەم شێعرەی سەعدی کە دەڵێ "تۆ پێم بڵێ هاوڕێکانت کێن، تا پێت بڵێم تۆ کێی" بە پێشنیارەکەی عەبدوڵڵا موهتەدی وڵامی ڕەتی دایەوە. هێشتا ئەو کات عەبدوڵڵا موهتەدی تەنیا ئەندامی شۆرای مودیرییەتی گوزار بوو و سواری ئۆتۆبووسە خۆڕاییەکەی ڕەزا پەهلەوی نەببوو و هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی گەیشتبووە بنبەست. ئایا بەڕاستی ئەم جارە نۆرەی ئێمە و چەپی ڕادیکاڵی ئێران نییە هەمان شێعری سەعدی ئاراستەی ئیبڕاهیم عەلیزادە بکەین و لە ڕووی هاوڕێکانیەوە پێی بڵێین کێیە؟

کاتێک مەنشووری هاوپشتی جۆرج تاونی واشینگتۆنی ڕەزا پەهلەوی، شیرین عبادی و عەبدوڵڵا موهتەدی و باقی یارانی لە ڕۆژی هەینی ١٠ی مارسی ٢٠٢٣ بڵاوکرایەوە، سازمانەکەی ئیبڕاهیم عەلیزادە بە قەڵەمی خۆی ڕاگەیاندنێکی لە ١١ی مارسدا لەژێرناوی "ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مەنشوری ڕەزا پەهەلەوی و لایەنگرانی و کەڵک وەرگرتنی ناڕوا لە ناوی" کۆمەڵە" " بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند:

"واژۆی عەبدوڵڵا موهتەدی وەک دەبیر کوللی حیزبێک کە بە ناوی کۆمەڵەوە چالاکی دەکات لە پای ئەم مەنشورەدا، هیچ پەیوەندیەکی نییە بە کۆمەڵە و سیاستە ناسراوەکانیەوە، کە ئەو ماوەی ٢٣ ساڵە لە مێژو و سوننەتە شۆڕشگێڕانە و پڕلە شانازیەکانی دوور کەوتۆتەوە". ئێستا بەلەبەرچاوگرتنی کردەوەی ئیبراهیم عەلیزادە، کە بە ناوی دەبیری ئەوەڵی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی، شیرین عبادی و سەڵتەنەتخوازان لە کۆنفرانسی ئۆسلۆدا بەشداریی کردووە، بە هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست بۆ ئاڵترناتیڤسازی مەشرووعییەت دەدات و بە ناوی کۆمەڵەوە خۆڵ لە چاوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری کوردستانی ئێران دەکات، ئایا بەڕاستی حەقی ئەوەمان نییە کە داوای لێ بکەین کە بە ئیحترامی گیان بەختکردووانی کۆمۆنیستیش بووە، لەوە زیاتر بە ناڕەوا، لە ناوی کۆمەڵە کەڵک وەرنەگرێت.

لەو حەقیقەتەدا گومانمان نییە کە ئەو ڕێگایەی ئیبراهیم عەلیزادە گرتوویەتە بەر درێژەی ڕێگای هاوڕێیانی گیانبەختکردوو فواد مستەفا سوڵتانی، سەدیق کەمانگەر، جەعفەر شەفیعی و هەزاران گیانبەختکردووی کۆمۆنیست نییە. بەڵکوو درێژەی بێڕاهەی عەبدوڵڵای موهتەدییە. ئیبراهیم عەلیزادە لەژێر پۆششی قسە و باسی چەپدا بەکردەوە کەوتووەتە لاڕێیەکەوە کە عەبدوڵڵا موهتەدی لەو سەریەوە دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئیبراهیم عەلیزادە هێشتا حازر نییە لە ڕەفتاری دژەدیموکراتیک و نامرۆڤانەی بەرامبەر بە هاوڕێیانی ئێمە بەتایبەت لە کوردستان کە بە مودیرییەتی ڕاستەوخۆی ناوبراو ئەنجام درا، لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی جناحی و سازماندانی ئینشعاب لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست ڕەخنە لە خۆی بگرێت، ڕیشەی دروست لەو ئاڵوگۆڕەدایە کە بەسەری هاتووە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم واقعییاتە و بەسەرنجدان بە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئاستی ئێران و کوردستان و ئەو بەرپرسایەتی و ئەرکە گرینگانەی کە کەوتووەتە ئەستۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەک جەریانێکی کۆمۆنیستی، وە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو واقعییەتە کە ئێستا چەند جەریانی جۆراوجۆر لە کوردستان لەژێرناوی کۆمەڵەدا چالاکی دەکەن و میدیاکانی بورژوایی، ڕەت یان جەریان گەلێک وەک کۆمەڵە بە بیروڕای گشتی دەناسێنن، کە دەمێکە لەهەموو بنەما فکری و سوننەتە ئینقلابییە پێشڕەوەکانی کۆمەڵە دوور کەوتوونەتەوە و ئەو واقعییەتە لە ئیعتبار و لە پێگەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە وەک جەریانێکی کۆمۆنیستی و داکۆکیکاری لێبڕاوای بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کوردستان زەربەی داوە، یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا، ئامادەکاری بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە چارەنووسسازە، پێکهێنانی دەرفەت بۆ پێشڕەوی و پووچەڵ کردنەوەی ئەو مەترسیانەیە کە هەڕەشە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەکات و بەهێزکردنی پێگە و ئیعتباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی کۆمۆنیستی لە کوردستان و سەرتاسەری ئێرانە.

***

# بە یادی هاوڕێ جەعفەر شەفیعی، سیمای هەمیشە زیندووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی

کاتژمێر شەشی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٦ بەرابەر لەگەڵ ٢٩ی ئۆکتۆبری ١٩٨٧، هاوڕێیەک بەجێی هێشتین کە هێمای ئینسانیی باشترین ڕەهەندەکانی ئارمانی کۆمۆنیستی لەنێو ئێمەدا بوو. لەو ڕۆژەدا دوکتۆر جەعفەر شەفیعی لە ڕێگای کەرکوک بۆ بەغدا بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەستدا. ڕووداوێکی سەخت و تاڵ و دڵتەزێن بوو بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست و هەروەها بۆ سەرجەم ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانەی کە هیوا و ئاواتەکانی خۆیان لە سیمای ئەودا بەدی دەکرد و بوونی ئەو متمانەی بە داهاتوویان زیاتر دەکرد. ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی هاوڕێ جەعفەر شەفیعی و تەنانەت ژیانی تایبەتی ئەو، گەلێک دەوڵەمەند و فرەلایەنە بوو. هاوڕێ جەعفەر خاراوی قۆناغێک لە خەباتی ڕەوتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە و هەروەها نوێنەرێکی بە هەست و دڵسۆزی ئەم ڕەوتە بوو



هاوڕێ جەعفەر شەفیعی کەسایەتییەکی ناسراوی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، ڕێبەرێکی خۆشناو و خۆشەویستی نێو کرێکاران، هاوڕێیانی حیزبی و جەماوەری چەوساوە و خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان بوو. هەروەها یەکێک بوو لەو کەسایەتیانەی کە حیزبەکەمان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، زۆرێک لە پێشکەوتنەکانی قەرزاری ئەوە. ئەو لە زومرەی ئەو دەگمەن ڕێبەرانە بوو کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ ڕەنجی ساڵانێکی دوور و درێژ لە خەبات و تێکۆشان و گەلێک ئەزموونی سەخت و دژوار تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەو، لە داوێنی خۆیدا پەروەردە بکات. هاوڕێ جەعفەر یەکێک بوو لەو ڕێبەرانەی کە ناو و کردەوەی و هەر هەنگاوێکی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کرێکاردا وەبیرهێنەرەوە و هێما و هاندەری خەباتی لەپێناو ڕزگاربوون لە دەست کۆیلایەتی و نایەکسانی و چەوسانەوە. هاوڕێ جەعفەر شەفیعی، لە ماوەی چەند ساڵەی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لەدژی جەور و ستەمی سەرمایە، لەدژی ڕژیمی شا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لە ڕێبەریکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا، کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی قورسی لە ئەستۆ بوو. هاوڕێ جەعفەر لە جێگە و پێگە و بەرپرسیارێتییە تەشکیلاتیەکاندا، لە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە سەرنووسەری ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە)، سەرنووسەری گۆڤار و بڵاوکراوە حیزبییەکان، لە نووسین و وتارەکانیدا، ئەرک و مەئموورییەتە تەشکیلاتییەکان و بە گشتی لە ڕاپەڕاندنی سەرجەم ئەرکە سیاسی و حیزبییەکانیدا، نموونەیەکی بەرجەستە بوو لە کارزانی و فیداکاری و یەکێک بوو لە ئاڵاهەڵگران و پێشڕەوانی شیاو و ماندوونەناسی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بواری بانگەشە و پەرەپێدانی کۆمۆنیزم، لەقاودان و ئاشکراکردنی فریوکاران و دوژمنانی جەماوەر و چینی کرێکار

دوکتۆر جەعفەر شەفیعی وەک پزیشکێکی شۆڕشگێڕ، وەک موبەلیغ و بانگەشەکاری بەتوانای سۆسیالیست، بوو بە خۆشەویست و یار و دڵسۆزی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. پەیوەندی ئەو لەگەڵ خەڵکدا، وەک پزیشکێک بە هیچ شێوەیەک تەنیا لە چوارچێوەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ویژدانی پیشەیی دا خۆی نەدەدیتەوە. بە پێچەوانەوە شێوازی ئەو بە تەواوی "ناپیشەیی" بوو. ئەو لەم بابەتەشدا وەک شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە خۆی نواند. قورسترین ئەرک و سەردان و چاوەدێری دڵسۆزانە و بێ بەرامبەری بۆ نەخۆشەکان و ئەو چین و توێژە هەژارەی بەڕێوە دەبرد کە بەزۆری داوای یارمەتیان لێدەکرد و ئەویش بە دڵ و گیان بە هانایانەوە دەچوو

ئەو وەک کەسێک کە زانست و شارەزایی پزشکی هەبوو لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە زۆربەیان لە کرێکاران و خەڵکی هەژار پێکهاتبوون، وەک یەکێک لەوان دەردەکەوت. هەربۆیە کاریگەری و پێگەی ئەو تەنیا کاریگەری و پێگەی پزیشکێکی خاوەن ویژدان نەبوو. پەیوەندییەکی قووڵ و بەربڵاوی کۆمەڵایەتی وئینسانی لەوە ئەولاتر لەدەوری ئەو پێک دەهاتن. بەشێوەیەکی گشتی دامەزراندنی پەیوەندییەکی پتەو و قووڵی ئینسانی لە زومرەی ئەو تایبەتمەندییانە بوو کە هەر ناسیاوێکی نوێش لە کەسایەتی ئەودا هەستی پێدەکرد

هاوڕێ جەعفەر لە چالاکی سیاسیدا بە مانای ڕاستەقینەی وشە، بەرهەمی هیچ کاراکتەرێکی تەشکیلاتی نەبوو، هەربۆیە پێناسەکردنی وەک کادرێکی حیزبی، وەسفێکی ناتەواو و ناواقیعییە لە تایبەتمەندیی ئەو. ئەو بەرادەیەک کار و چالاکی سیاسی، نفووز و کاریگەری کۆمەڵایەتی، وزەی خەباتکارانە و هەروەها لێهاتوویی و داهێنان و بیرکردنەوەی سیاسی لەخۆیدا کۆکردبووەوە کە ئیتر مەحاڵ بوو بە خێرایی تەنانەت لە ئۆرگانی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەدا جێگای خۆی نەکاتەوە، کە هەرواش بوو. لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا

ئەم پێوەندییە واقیعییەی لەگەڵدا بوو. ئەو بەکردەوە کادر و شۆڕشگێڕێکی بەرجەستە و دیاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران بوو کە لە ڕێبەرایەتی حیزبدا جێگای خۆی کردەوە. هاوڕێ جەعفەر بە دڵ و گیان لە پێناو شۆڕشدا تێدەکۆشا و لە هەر هەلومەرجێکدا ئەو ئەرکەی بەرەو پێش بردووە. چ لە جۆش و خرۆشی سەردەمی شۆڕشدا، چ لە هەلومەرجی ژینگەیی ناو کۆمەڵەدا، سەرەڕای کێشەی جەستەیی و لەژێر هەرەشەی بەردەوامی هێرشی نیزامی ڕێژیمی ئیسلامیدا، یان ئەو ماوە کورتەی کە لە ئورووپا ژیانی بەسەر برد، شەو و ڕۆژ بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە سەرقاڵی نووسین و خوێندنەوە بوو. وزە و شێلگیرییەکی لەڕادەبەدەر بەهێزی کە بە سانایی لە هەموو کەسێکدا بەدی ناکرێت، کارەکتەری ئەوی شکڵ پێدەدا. لەوەی کە ئەگەر لە دەرئەنجامی کارێک ڕازی نەبوایە و تەنانەت ئەگەر پێویست بوایە دە جاریش سەرلەنوێ ئەنجامی بداتەوە، هیچکات ماندوو نەدەبوو و هەموو جارێک بەوپەڕی حەز و تواناوە کاری دەکرد. ئەو هیچ کات لە خوێندنەوە و دیالۆگ و گفتوگۆ لەسەر بابەتە فیکرییەکان تێر نەدەبوو. هێندە شێلگیر و ماندوونەناسانە کاری دەکرد وەک ئەوەی بزانێت کە دەرفەتێکی زۆری لەبەردەمدا نەماوە. لە هەمان کاتدا ئەوەندە بە هەست و سۆزەوە ژیانی خۆشدەویست و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چێژی لە بچووکترین هێماکانی ژیان دەبینی، وەک ئەوەی کە هەرگیز بیری لە مردن نەکردبووە

جەعفەر شەفیعی، کۆمۆنیستێکی بەتەواومانا بەڵێندار بوو، بەبێ ئەوەی کە ئەم بابەتە بەلای ئەوەوە بە واتای پشتبەستن بە داتا و زانیارییە ئامادە و بەردەستەکان بێت. ئەو کەسێک بوو کە بەدوای زانیاریدا دەگەڕا، لێکۆڵینەوەی سیاسی و تیۆری و هەروەها ئارەزووی کردنەوەی ئاسۆی نوێ، لەودا بێ کۆتایی بوو. ئەو، هاوشێوەی ئەو ڕەوتەی کە خۆی یەکێک بوو لە باشترین نوێنەرەکانی، ڕێبوارێکی ڕێگای نادیار بوو. سەرەڕای ئەو هەموو پەیوەندییە ناوچەییە بەربڵاوەی کە بووی، بەڵام بەدوور بوو لە ناوچەگەرێتی. لەگەڵ ئەوەی کە خۆی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەدیتەوە، بەڵام تا دەهات چوارچێوەی سۆسیالیزمی ئێرانی بۆخۆی بەرتەسکتر هەست پێدەکرد. هزر و و پەیوەندی فیکری و هەوڵەکانی، ئەوی هەرچی زیاتر بەرەو بزووتنەوەیەکی جیهانی پەلکێش دەکرد. هەر لە بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆمەڵە نهێنییە مارکسیستییەکانی سەردەمی شا و سەرەتاییترین پەیوەندییە کرێکارییەکانەوە بگرە تا ئەزموونی دەستبەسەر بوون لە ساواک و زیندانی سیاسی، لە چالاکییە بەربڵاوە ئاشکراکان و وتارە جەماوەرییەکانی سەردەمی شۆڕشەوە تا گەشتە سیاسییەکان لە کوردستان و بەشداریکردن لە وتووێژ و دانوستانە جۆراوجۆرەکانی کە کۆمەڵە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و لەوانە جارێک لە ساڵی ١٣٥٨دا لە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیدا بووی، لە بەرەوپێشبردن و ئاراستەکردنی کاری تەبلیغاتی و ڕاگەیاندنی بەربڵاو و هەروەها تێکۆشانی ماندوونەناسانەی لەم بوارەدا، تا بەشداری لە ڕیزی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عێراق وەک پزیشکێکی شۆڕشگێڕ لە یەکێک لە دژوارترین باروودۆخەکاندا کە تێیدا بوون، لە بەجێگەیاندنی ئەرک و چالاکییە جۆراوجۆرە حزبییەکانەوە بگرە تا دەگاتە بینینی ڕۆڵی ڕێبەری لە قۆناغ و بڕیارە جۆراوجۆرەکاندا، دوکتور جەعفەر شەفیعی ڕێگایەکی دووروودرێژ و فرەڕەهەند و پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕی. ئەگەرچی ئەو ڕێگایەی کە ئەو تێپەڕی کرد، بە هەوێنی بەهێزی سروشت و تایبەتمەندییە کەسییە دەروشاوەکەی ڕەنگ و بۆیەکی تایبەتی بەخۆیەوە گرتبوو، بەڵام لە کۆتاییدا کارنامەی گەشەکردن و پێگەیشتوویی ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیی بوو کە لە نموونەیەکی بەرچاوەدا کورت کرابۆوە. ڕەوتێکی کە لە فۆرمی کۆمەڵەدا خۆی دەنواند، وشیاری چینایەتی و کاراکتەری سۆسیالیستی خۆی لە نەبەردێکدا لەگەڵ دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی و هزرە تەقلیدییە غەیرە مارکسیستی و غەیرە کرێکارییەکاندا، قووڵتر دەکاتەوە، خۆی وەک بەشێک لە چینێکی کۆمەڵایەتی گەشەسەندوو و بەرگریکاری وشیاری ئەو، هەست پێدەکات، لە فۆرمی ناوچەیی و خۆجێیی خۆی بە قازانجی ڕەوتێکی حیزبی ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستی سەرتاسەری تێدەپەڕێت و بە پشتبەستن بەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەی کە پێگە و پشتیوانی بوون، لە دژی ناسیونالیزم، پۆپۆلیزم، سازشی چینایەتی، ئایین، داب و نەریتی دواکەوتووانە و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایە و نوێنەرەکانی، پێدەنێتە ناو دنیای خەباتێکی بێوچان و لەو پێوەندییەدا و بە پێی ئەوە، سەرجەم ئەو شتانەی کە لە خۆیدا بە ناتەواو و لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی سنووردار و کورتبینانە دەبینێت دەداتە بەر ڕەخنە. خەباتی ئەم ڕەوتە سۆسیالیستییە هێشتا بە ئامانج نەگەیشتووەتە و پێویستی بە هێز و بڕوا و بوێری و لێبڕاویی کەسانێکی وەک جەعفەر شەفیعی هەیە

ئێمە کۆمۆنیستەکان، گیانبەختکردووان لە خەرمانەیەک لە پیرۆزی خورافات یان هەستێکی ڕۆمانسییەوە ناپێچین. بۆ ئێمە مێژووی داهاتوو، زیندووەکان دروستی دەکەن و هەرئێستا لەگەڵ خەبات و تێکۆشانێکی زیندوو و ڕاستەقینە، بە هەموو گرنگییەکییەوە بەرەورووین، بەڵام ڕێک هەر لێرەدایە کە سەرلەنوێ یاد و بیرەوەری هاوڕێ جەعفەر شەفیعی بۆ ئێمە زیندوو دەبێتەوە. نەک هەر لەبەرئەوەی کە ئەمڕۆ جێگای ئەو، لەو نەبەردە سەختە و ئاڵەنگارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لەبەردەم کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیست دایە، زۆر خاڵییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەبەرئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە لە نێو ئێمەدا دەیانەوێت خۆیان لە هەناوی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ستەملێکراوانی کۆمەڵگادا ببیننەوە، هەموو ئەو کەسانەی کە ئامانجیان بریتی بووە لەوەی کە بە هەموو تواناوە بەشدارییەکی جددی لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەدا بکەن، بە حەق ڕێز لە یەکێک لە شەریفترین و شێلگیرترین تێکۆشەری ئەم ڕێبازە دەگرن و لەوەش گرنگتر، ئیلهامی لێ وەردەگرن

**بەرز و بەڕێز بێت یادی هاوڕێی گیانبەختکردوو**

**دوکتۆر جەعفەر شەفیعی**

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مەحکوومکردنی دەستبەسەرکردنی ژمارەیەک نووسەر و توێژەری چەپ

بەیانی ڕۆژی دووشەممە، ١٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥، هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە، پەرویز سەداقەت، مەهسا ئەسەدوڵڵا نژاد، شیرین کەریمی و ڕەسووڵ قەنبەری، نووسەران و توێژەرانی چەپگرای بواری زانستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە سیاسییەکانیان دەستبەسەر کرد و هەریەک لە محەمەد مالجو و هێمن ڕەحیمی بانگهێشتی بنکە ئەمنییەکان کران. هەرچەندە سانسۆر، هەڕەشە، بانگهێشتکردن و گرتن، زیندانیکردن و کوشتنی جیابیران و نووسەران و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بەشێک بووە لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی، کە گەندەڵی و تاوانکاری لە پێکهاتەکەیدا سیستماتیک و دامەزراوەیی بووە، بەڵام شەپۆلی ئەم دواییەی دەستبەسەرکردنەکان



لە درێژەی چڕکردنەوەی سەرکوتدایە وەک ستراتیژییەک بۆ مانەوەی ڕژێمی ئیسلامی و بە ئامانجی تۆقاندنی کۆمەڵگە و چاوترساندنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دراوە

ئەم دەستبەسەرکردنانە لە هەمان کاتدا نیشانەی قووڵبوونەوەی قەیرانی شەرعییەتی سیاسی و شکستی ئایدۆلۆژی و گەیشتن بە بنبەستی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانی ئێرانە. ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو و تەنانەت نمایشە هەڵبژاردنەکانی خودی دەسەڵات کە هەموو قۆناغەکانیان ئەندازیاری کرابوون، قەیرانی شەرعییەتی ڕژێمیان بە ئاشکرا دەرخست. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە پێشەنگایەتی ژنان، بناغە ئایدۆلۆژییەکانی ڕژێمی ئیسلامی هەڵتەکاند. ئێستا ژنان بە پاشەکشەکردن بە یاسای حیجابی زۆرەملێ، سیمای شەقام و شارەکانی ئێرانیان گۆڕیوە. بزووتنەوەی کرێکاری بە مانگرتنەکانییەوە کاریگەریی لەسەر کەشی سیاسی کۆمەڵگا داناوە و هێزی بەم گۆڕانکارییانە بەخشیوە.

لەم بارودۆخەدا، دەمێکە دەزگای ئایینی و ئایدۆلۆژیی ڕژێم توانای شەرعییەتدانیان بەم هەموو هەژاری و نەهامەتییە ئابووری و بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە نەماوە کە بەسەر خەڵکدا سەپاندوویانە. کۆمەڵگەی ئێران بەرەو چەپ سووڕاوە. حکوومەتی ئیسلامی ناتوانێت بەهێزی قەهر و زەبروزەنگ ئەم گۆڕانکارییانە بگەڕێنێتەوە دواوە

لە بارودۆخی ئێستادا، بەڵای سەرەکی گیانی حکوومەتی ئیسلامی تەنیا جیابیرانی چەپ نین کە چالاکییەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و فەزای مەجازی و زانکۆکاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵکو مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران، خەباتی ڕۆژانەی ژنان، ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی خانەنشینان، مامۆستایان و پەرستاران، خوێندکاران و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و ڕەوتی حەتمی پەرەسەندنیانە کە سەرانی ڕژێمی تووشی وەحشەت کردووە. مەیلی کۆمەڵگە بەرەو چەپ، ڕیشەی لە ژیانی واقیعییەتی بنەماڵە کرێکارییەکان و هەژارانی کۆمەڵگە و ئەو داواکارییانەدایە کە کرێکاران بە ڕۆڵگێرانی چالاکە سۆسیالیستەکان، بۆ بەدیهێنانیان هاتوونەتە مەیدان و سەرنجی نووسەران و توێژەرانیشیان زیاتر بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە. مەیلی کۆمەڵگە بەرەو چەپ، ڕیشەی لەو خەباتانەدایە کە داخوازیی نان و کار و ئازادی پێکەوەی گرێداوە. حکوومەتی سەرمایەداریی گەندەڵ و تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بە خەیاڵی خۆی بە چڕکردنەوەی سانسۆر و دەستبەسەرکردنی نووسەران و جیابیرانی چەپ دەتوانێت پێش بەو ئاراستە چەپەی کۆمەڵگا بگرێت کە ڕیشەی لە قووڵایی کۆمەڵگادایە. بەڵام بێ گومان هەروەک چۆن ڕژێم تا ئێستا نەیتوانیوە بە سانسۆر و فیلتەرینگ و گرتن و بەندکردنی چالاکانی کۆمەڵایەتی و زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان پێش بەم ڕەوتە بگرێت، بە دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی جیابیرانیش نەک هەر ناتوانێت ڕێگری لەم ڕەوتە بکات، بەڵکو قەیرانی شەرعییەتی خۆی قووڵتر دەکاتەوە. بزووتنەوەی نان و کار و ئازادی و مەیلی کۆمەڵگە بەرەو چەپ، ڕیشەی لە حەقیقەتە ماددییەکانی ژیاندایە. سکە برسییەکان، سفرە بەتاڵەکان و گەرووە تینووەکانی ئازادی، هەموو ڕۆژێک هاواری ئەم پێداویستییانەی ژیان دەکەن

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای ئەوەی کە دەستبەسەرکردنی پەرویز سەداقەت، مەهسا ئەسەدوڵڵا نژاد، شیرین کەریمی، ڕەسووڵ قەنبەری، توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئابووریی سیاسی و بانگکردنی محەمەد مالجو و هێمن ڕەحیمی بۆ بنکە ئەمنییەکان مەحکووم دەکات، خوازیاری ئازادی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجیانە.لە هەموو ناوەندەکان و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان داوا دەکەین لەبنەماڵەکانیان پشتیوانی بکەن و بۆ ئازادکردنیان تێبکۆشن

**بژی ئازادیی بێ شەرتو مەرجی سیاسی**

**بروخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

❊❊❊

# یادی ۱۰۸ ساڵەی شۆڕشی کرێکاران لەڕووسیە

ڕۆژی ۷ی نوامبر بەرانبەرە بەڕۆژی ۲۵ی ئۆکتۆبەر لە ساڵنامەی کۆنی ڕوسی، سەد وهەشتەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی کرێکاران لەڕووسیایە. شۆڕشی کرێکاران بەرابەری حیزبی بولشویک و لینین لە ساڵی ۱۹۱۷دا کۆتایی بە حکومەتی چینی سەرمایەداریرووسیە هێنا و بناغەکانی حکومەتی کرێکاری لەم وڵاتەدا دامەزراند. پێشکەوتنی بزووتنەوەی چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاران ورده ورده هەموو ئیمپراتۆریەتیرووسیای گرتەوە. لەگەڵ کرانەوەی ئاسۆی سۆسیالیزم و دادپەروەری ئابووری و ئاسۆی دەستبەرکردنییەکسانی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازات و نایەکسانی نەتەوەیی،یەکێتییەکی خۆبەخشانەی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەم ئیمپراتۆریە دروست بوو و بەمجۆرەیەکێتیجەماوەری سۆسیالیستیروسیە لەدایک بوو

حکومەتە سەرمایەداری و ئیمپریالیستییەکانی جیهان لەو سەردەمەدا، هەرچەندە هێشتابەدەست ئاسەوار و زیانەکانی شەڕییەکەمی جیهانیەوەرزگاریان نەبووبو، بەڵام سوپاکانی خۆیان بۆ لەناوبردنی حکومەتی کرێکاری بەکارهێنا. بەڵام هاوپشتی نێودەوڵەتی چینی کرێکار لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئەو وڵاتانە، لەگەڵ بەرخۆدانی ڕۆحی بەرگریکارانی شۆڕشی کرێکارانی ئەو وەڵاتە، بەرەی کۆنەپەرستانەی ئیمپریالیستی تێکشکاند و بەمجۆرە حکومەتی کرێکاری لەیەکێتی سوسیالیستی ڕوسیە، لەڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و سیاسی لەگەڵ سەرمایەداری جیهانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

بەڵام حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی شوورەوی وێرانکاری شەڕێکی وێرانکەری ئیمپریالیستی بە میرات بۆبەجێمابو، کەرتە پیشەسازییەکانی وێران کرابوو و زیانی زۆربە کشتوکاڵی ئەو وەڵاتە گەیشتبو، برسیەتی بەربڵاو و هەژاری و نەهامەتییەکی وەسف نەکراو کە حکومەتی تزاری بەجێی هێشتبوو، تەنگی بە خەڵکی ئەو وەڵاتە هەڵچنیبو. لە سێ ساڵی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاران، کرێکاران و زەحمەتکێشان بەمەقاوەمەتێکی سەخت و بێهاوتا بە فیداکاری و هیوای ڕزگاری، حکومەتی کرێکارانیان لە قەیرانی ژیان و مردن ڕزگار کرد. لە بەرەی ناوخۆدا گەردەلوولەکان هێوربوونەوە، بەڵام لە بەرەی نێودەوڵەتیدا، هیواوچاوەڕوانی سەرهەڵدانی شۆڕشی کرێکاران لە وڵاتانی پیشەسازی و بە تایبەت لە ئەڵمانیا لاواز بوو.

لەناو حیزب و لە حکومەتی کرێکاریدا، باس و مشتومڕێکی زۆر لەسەر مۆدێلەکانی ئابووری سۆسیالیستی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ موقاومەتی شاراوەی دژە شۆڕشی بۆرژوازی لە ناوخۆ و فشارەکانی ئیمپریالیزم لەسەر ئاستی جیهانی هەبوو

لەم مشتومڕانەدا، بەداخەوە هیچ کام لەدەستە و فراکسیۆنەکانی ناو حیزبی بولشویک نەیانتوانی نوێنەرایەتی گەشەسەندنی شۆڕشی کرێکاران و دامەزراندنی ئابوورییەکی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینی کرێکار بکەن و لە مەیدانی ڕاستەقینەی کرداردا ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە بەبەهای دوورکەوتنەوە لەئیدە وئاواتە سەرەتاییەکانیان بەدەستیان هێنابووپارێزن. لە غیابی مۆدێلێکی ئابووری سۆسیالیستیدا ئەمجارە، ئەوە بۆرژوازی برینداری ڕووسیا بوو کە ئەگەری بەدیهێنانی خەونە لەمێژینەکانی خۆی لە دەست بەسەرداگرتنی حزب و حکومەت و دامەزراوە شۆڕشگێڕەکاندا بینی. کاتێک دەوڵەتی کرێکاری تازەپێگەیشتووی یەکێتی سوسیالیستی نەیتوانی مۆدێلێکی گەشەی ئابووری سۆسیالیستی و شێوازێکی ڕێکخستنی ژیان لە وڵاتدا بخاتەڕوو، ئەوە بۆرژوازی ڕووسیا بوو کە لە دامەزراوە نوێیەکاندا توانای ئەوەی پەیداکرد کە بنبەستەکە بشکێنێت و خەونی لەمێژینەی دامەزراندنی ڕووسیایەکی پیشەسازی و بەهێز لە دژی زلهێزە سەرمایەدارییە ئیمپریالیستەکانی ئەو قۆناغە بەدیبهێنێت. فراکسیۆنی دەسەڵاتدار لەحیزبی بولشویک لە جیاتی بەدواداچوون بۆ ئیدە وئامانجەڕزگاریخوازە



سۆسیالیستییەکان، هەڵوەشاندنەوەی موڵکداریی تایبەت، هەڵوەشاندنەوەی کاری مووزدی، خوڵقاندنی خۆشگوزەرانی ماددی لە ژیانی خەڵکدا، دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان دوور لە نادادپەروەری و زوڵم و چەوساندنەوە، بە کردەوە ئامانجی گەڕاندنەوەی وێنەی نەتەوەی ڕووسیا لە کۆمەڵگای نەتەوەکاندا بۆ خۆیدانا.

لە وەها هەلومەرجێکدا ئامانجەکانی شۆڕشی کرێکاران چەقبەستوو مایەوە و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و مارکسیزم بوونە ئامراز بۆ زیادەڕەویکردن و پاساودانی ئەم پرۆسە دژە شۆڕش و دژە کرێکارییە. یەکێتی سوسیالیستی شووروی و حزبی کومونیستی ئەم وڵاتە لە کۆتاییەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەتەواوی بەرەو نیزامی سەرمایەداری هەنگاویان هەڵگرت و بە تێپەڕبوونی کات، سەرمایەدارییەکی دەوڵەتی ناوەندی لە ژێر ناوی سۆسیالیزمدا دروست بوو، کە وەک بەڵایەک سێبەری ڕەشی خستە سەر ژیان و چارەنووسی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوەی یەکێتی سوسیالیستی شوورەوی.

بەڵام مسۆگەرکردنی پێشکە وتنی ئە م پرۆسە ستە مکارانە و سە رمایە دارییە، پێویستی بە میتۆدی جیاوازی حکومە ت و پێکهاتەیە کی سیاسی جیاواز بوو لە وە ی کە کرێکاران

لە شۆڕشە کە یان چاوە ڕوانییان دە کرد. دیکتاتۆری حیزب جێگای دیکتاتۆری چینی کرێکاری گرتەوە و لەناو حیزبدا، ئەو فراکسیۆنەی کە توانیبووی ڕکابەرە حیزبییەکانی سەرکۆت ولە مەیدان بەدەر بکات، خۆی وەک نوێنەری چینی کرێکار، دەسەڵات ودیکتاتۆرییەت بەسەر هەموو کۆمەڵگادا بسەپێنی، و بەمجۆرە سیستەمێکی دیکتاتۆری و سەرکوتی دڕندانەیان دامەزراند بۆ بێدەنگکردنی کرێکاران و خەڵکی ناڕازی لەیەکێتیەکە و لە ئەنجامدا بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش وهەلی گۆنجاو بۆ سەرمایەداری دەوڵەتی و بەدواداچوونی ئامانج و ئاواتەکانیان.

هەروەک ئەم وێنە کورتەی پرۆسەی شکستی شۆڕشی کرێکاران جەختی لەسەر دەکردەوە، واقیعیەتەکە ئەوە بوو کە حکومەتی کرێکاران و حیزبی بولشویک کە لە پێشەنگ و سەرکردایەتی شۆڕشی کرێکاران بوون، بەدیلێکی سۆسیالیستییان نەبوو بۆ گۆڕینی ئابووری کۆمەڵگا. حکومەتی کرێکاران و حیزبی بولشویک نەیانتوانی ئابوورییەکی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینی کرێکار دابمەزرێنن. وە لە غیابی دامەزراندن و ڕێکخستنی ئابوورییەکی سۆسیالیستی، ئەمجارە ئەوە بۆرژوازی بریندار ڕووسیا بوو کە لە ژێر ناوی سۆسیالیزمدا،ڕێگەی خۆشکرد بۆ پیشەسازیکردنی خێرای ڕووسیا لەسەر بنەمای مۆدێلی سەرمایەداریی دەوڵەتی ناوەندی.

لەڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە، شۆڕشی سۆسیالیستی لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی ئابوورییە و، تەنیا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیە کەدەتوانێ لەسەر بنەمای گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا بێت. واتە لەڕاستیداڕەخنە لە سیستەمی سەرمایەداری لە لایەن چینی کرێکارەوە دەبێت تا گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ڕێکخستنی ئابوورییەکی سۆسیالیستی بەردەوام بێت. وەدیهاتنی دیموکراسی و نەهێشتنی هەڵاواردنی یاسایی و سیاسی و نەهێشتنی هەڵاواردنی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ڕزگاری ڕاستەقینەی ژنان، تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی ڕووخانی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری و دامەزراندنی سیستمێکی ئابووری سۆسیالیستیدایە کە مانای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە. لە غیابی گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە لە ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگادا،ئامانجە ئازادیخوازەکانی مرۆڤەکان و کۆتایی هاتنی هەڵاواردن و نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانرێت بەدیبێت

بەڵام دەبێت لە نێوان ئەو تێکچوونە سیاسییەی کەڕەنگدانەوە و بەرهەمی بناغەی ماددی و ئابووری بۆرژوازییە، چیاوازی دابندرێت لەگەڵ ئەولادان وهەڵە و کەموکوڕیانەی کە لە ئەنجامی فشار وئاستەنگە کاتییەکانەوە دێتە ئاراوە. هەر لەڕۆژی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، چەندین مەیلی نەرێنی بەرەو سازشکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی کۆمەڵگای کۆن، گەشەی بیرۆکراسی، لاوازبوونی دیموکراسی ناو حزبی، دابەزینی دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی عەمەلی ڕاستەوخۆی کرێکاران و هتد بە ئاشکرا دیار بوو. بەڵام ئەمانە هۆکاری سەرەکی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبر نین

چونکە سەرەڕای ئەو هەموو مەیلە نەرێنی و ڕێگرییانە، ئەگەر حکومەتی کرێکاران و حیزبی بلشویک سەرکەوتوو بونایە لە خستنەڕووی بەدیلی خاوەندارێتی دەستەجەمعی و هەڵوەشاندنەوەی کاری موزدی بۆ کۆمەڵگا، پێکهاتەی ئابووری سۆسیالیستی لەو کۆمەڵگایەدا دامەزرابایە، ئەوا ئەم مەیلە سیاسی و ئیدارییە نەرێنی و نەخوازراوانە، نەک هەر لە هەر بنەمایەکی ماددی بۆ مانەوەیان بێبەش دەبوون، بەڵکو لەبەستینی ئاڵوگۆری قوڵی ئابوری کۆمەڵگادا کاڵ دەبوونەوە و جێگە خۆیان بە میتۆد و پراکتیکی سیاسی کە لەگەڵ ئەم ئابوورییە پەرەسەندووەدا یەکیان دەگرتەوە دەدا، کە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بوو لە پێشکەوتنی شۆڕشدا

بەڵام ئە وە ی بە کردە وە ڕوویدا، بۆرژوازی ناسیۆنالیستی وعەزەمەت تەڵەبی ڕووسیا بوو، کە بە دیل و ئاسۆی بە پیشە سازیکردنی ڕووسیای لە سە ڕ بنە مای مۆدێلە ئایدیۆلۆژییە کانی خۆی، بۆ کۆمەڵگا خستە ڕوو. پاشان لە سەر وبەندی شۆڕشدا هەر ئەولادان و کەموکوڕیانەی کەهۆکاری لاوەکی و بەڕێکەوت و نادیاریکەر بوون لە چارەنووسی شۆڕشدا، ئەمجارە بوونە پێکهاتەی ئۆرگانیک و بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەی سیاسی. لە دوای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کەڕێڕەوی گەشەکردن لەسەر بنەمای سەرمایەداریی پلان بۆ داڕێژراوی دەوڵەتی، لەسەر بنەمای کاری موزدی، وەک بنەمای بزوینەوەی کۆمەڵگایەک کە شۆڕشی کردووە، جێگیر بوو، کاتێک گەشەسەندنی بۆرژوازی- ناسیۆنالیستی بوو بە بنچینەی بەرهەم هێنانەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵایەتی، ئەوکات بیرۆکراسی دەبێتە پێکهاتەیەکی ئۆرگانی و بەرهەمهێنانەوەی روبەنای سیاسی.

شۆراکان لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بە هۆکاری جۆراوجۆر ، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژێر فشاری بارودۆخی نائاساییدا لاواز بوون. بەڵام دوای ئەوەی ئەرکی دیاریکردنی ڕەوتی بزووتنەوەی ئابووری بە قازانجی ئاسۆی بۆرژوا- ناسیۆنالیستی دیاریکرا، چیتر نابێت لە هەلومەرجی نائاسایی و کاتیدا بەدوای هۆکاری دابەزین و نەبوونی شۆراکان و هەژموونی بیرۆکراسیدا بگەڕێین. بیرۆکراسی روبەنایەکی سیاسی گونجاو بوو لەگەڵ ئاسۆی ئابووری سەرمایەداری و دەوڵەتییەک کە لە کۆمەڵگادا دامەزرابوو. لە قۆناغی یەکەمدا شۆراکان لاواز کران بۆ ئەوەی بەڵکوحکومەتێ کرێکاری بتوانێت لەگەڵ کێشەکان ڕوبەڕو بێتەوە؛ لە قۆناغی دووەمدا، دەبووشۆراکان بە تەواوی هەڵبوەشێنرێنەوە بۆ ئەوەی میکانیزمی بڕیاردانی سیاسی و ئابووری لەگەڵ لۆژیکی بۆرژوازی گەشەسەندنی ئابووری کۆمەڵگادا یەکبگرێتەوە

***

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکارانی حەوت تەپە

مانگرتنی کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە بۆ دووهەمین ڕۆژی بەردەوام، نارەزایەتیکی تازەی لەناو چینی کرێکاری ئێران بەرامبەر بە گەندەڵی، چەوسانەوە و نابەرابەری خستووەتە ڕێ. مانگرتنی ئەم جارەی کرێکاران نەک هەر بۆ حەقدەست، بەڵکوو لە ناڕەزایەتی دژبە گەندەڵی بەرین و کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە سەرچاوەکانی تەرخانکراو بۆ خۆراک بەڕێوەدەچێت و نیشانەی تووڕەیی قووڵی هێزی کارە. پێشتر ڕۆژانە ٤٥٠ هەزار تمەن بۆ وەعدەی خۆراکی هەر کرێکار بە پەیمانکار دەدرا. بەڵام ئێستا تەنیا ٦٠ هەزار تمەن بە کرێکاران دەدرێت. لە کاتێکدا کە لە شیرکەتەکانی تەوسەعەی نەیشەکەر ئەم بڕە پارەیە مانگانە دەگاتە ٦ ملیۆن تمەن. کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە بە ئیرادەی بەکۆمەڵ، لە ناڕەزایەتی دژبە دزی و سووئیستفادەی ئاشکرا لە بوودجەی وەعدەکانی خۆراک، دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و لە بەرامبەر پەیمانکاران و بەڕێوەبەرانی گەندەڵدا یەکڕیز و یەکگرتوو ڕاوەستاون

ئەم مانگرتنە تازەیە، درێژەی زنجیرەیەکی خەباتە کە کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە لەماوەیساڵانی ڕابردوودا بەڕێوەیان بردووە. لە ساڵی ١٣٩٧ەوە هەتا ئێستا، ئەم کرێکارانە بە مانگرتن و کۆبوونەوەی بەرفراوانی خۆیان، بوونەتە یەکێک لە هێماکانی هوشیاری و خۆڕاگری چینایەتی لە ئێراندا. لەماوەی ئەم ساڵانەدا خسووسی سازی گەندەڵی شیرکەت، قەرزی بەرین، لەسەر کار دەرکردنی کرێکاران و سەرکوتی چالاکانی کرێکاری، دەنگی ناڕەزایەتی بەوپەڕی خۆی گەیاند. دروشمی مێژوویی "نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شۆرایی" لە دڵی هەر ئەم خەباتەوە سەری هەڵدا و بوو بە نیشانەی هوشیاریی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار. کرێکارانی حەوت تەپە بە پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتی، هەڵبژاردنی نوێنەران لەناو خۆیاندا و بە دیفاع لە حەقی ئیدارەی شۆرایی، بەکردەوە نمونەیەک لە سازماندانی سەربەخۆی چینایەتی پێکهێنا. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرکوت، دەستبەسەرکردن و پەروەندەسازی هەوڵی دا ئەم حەرەکەتە تێکبشکێنێ، بەڵام هەموو جارێ، کرێکاران بە هێزی زیاترەوە هاتنەوە مەیدان. ئەوان سەلماندیان کە هوشیاری چینایەتی ناتوانی زیندانی بکەی و دەنگی بەرابەری تەڵەبی و ئازادیخوازی ناتوانی خەفە بکەی

ئەمڕۆ، مانگرتنی دووبارەی کرێکارانی حەوت تەپە لە بەستێنێکی بەهێزتر لە ڕابردوو لەئارادایە. هەژاری، گرانی، نائەمنی کار، و دابەزینی ئاستی بژێو، ملیۆنان کەس لە خەڵکی

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

کرێکار و زەحمەتکێشی بردووەتە سەر لێواری هەڵدێر. دەوڵەتەکانی سەرمایەداری بە جێبەجێ کردنی سیاسەتی پەرەدان بە کەرتی تایبەت، سڕینەوەی یارانەکان و سپاردنی بەشە گرنگەکانی ئابووری بە پەیمانکاران و ناوەندەکانی سەربە دەسەڵات، سفرەی خەڵکیان تاڵان کردووە و سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتییان لەناو دەستی کەمینەیەکی بچووکدا چڕ کردووەتەوە. شیرکەتی نەیشەکەری حەوت تەپە نموونەیەکی بەرچاوی ئەم سیاسەتەیە. ئەم مانگرتنە تەنها دەنگی کۆمەڵێک لە کرێکارانی ناوەندێکی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی تووڕەیی و هوشیاریی گشت چینی کرێکار لە بەرامبەر پێکهاتەی چەوسێنەر و تاڵانکەردایە. ئەمڕۆ ئەم هاوارە لەگەڵ ناڕەزایەتی خانەنیشینان لەسەر شەقامەکان، مانگرتنی مامۆستایان لە مەدرەسەکان، خەباتی ژنان بەدژی ستەم و جیاکاری، و تووڕەیی کرێکارانی پرۆژەیی نەوت، پۆڵا، مەعدەن و خزمەتگوزاری، ژانێکی هاوبەش و چینایەتییە. خانەنشینان بە دروشمی "هاوار، هاوار لەو هەمووە بێدادییە" لە بەرامبەر سیاسەتی ڕیازەتیدا وەستاونەتەوە. مامۆستایان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە مانگرتنی سەرتاسەری خوازیاری پەروەردەی بەخۆڕایی و کەرامەتی ئینسانی بوون. ژنان لە شەقامەکان و شوێنەکانی کار بوێرانە بەرامبەر بە ستەمی ڕەگەزی خۆڕاگرییان نواندووە. کرێکارانی پۆڵای ئەهواز بە پایداری لە بەرامبەر بەتایبەت کردن و لەسەر کار دەرکردن لە خەبات بەردەوام بوون.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان پشتیوانی تەواوی خۆی لە مانگرتنی کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە ڕادەگەیەنێ و لەسەر ئەو حەقیقەتە تەئکید دەکات کە ئەم خەباتە، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی سەرتاسەریی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداری، بەتایبەت کردن و دیکتاتۆریی دەوڵەتی. شۆرا خوازیاری وەڵامدانەوەی دەستبەجێی بەرپرسان، وەدیهێنانی هەموو داخوازییەکانی کرێکاران، هەڵوەشاندنەوەی پەیمانکاریی چەوسێنەرانە، گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان بۆ شۆراکانی ڕاستەقینەی کرێکاران و ئازادی بێ شەرت و مەرجی هەموو چالاکانی کرێکاریی بەندکراوە

**بژی مانگرتنی کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە!**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی / ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

***

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلێنۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ ڕۆژی شەممە ٣ی مانگی خەزەڵوەر بەرابەر لەگەڵ ٢٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ بە بەشداریی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوەچوو. لەم پلێنۆمەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش وەک چاوەدێر بەشداربوون. پلێنۆم بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی بە کار کرد وبەدوایدا دەستووری جەلسەکانی پلێنۆم کە بریتی بوون لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ئیجرایی بە پلێنۆم، ڕاپۆرتی تەشکیلاتی کۆمیتە و ئۆرگانە تەشکیلاتییەکان و ئارایش و تەقسیمی کاری ناو کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، بەڕێوەچوون

ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ئیجرایی بە پلینۆم کە پێشتر بە نووسراوە لە بەیاننامەیەکدا لەژێرناوی "بنبەستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەستێنی ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکان" پێشکەشی هاوڕێیان کرابوو، لە پلینۆمدا تاوتوێ کرا.دواجار کۆلییاتەکەی پەسند کرا و پێداهاتنەوە و تەکمیل کردنی بەسەرنجدان بە باسەکانی پلێنۆم بۆ بڵاوکردنەوە، بە کۆمیتەی ئیجرایی هەڵبژێردراوی پلێنۆم سپێردرا.

بەیاننامەکە لە بەشی جیهانی و ناوچەییدا، لێکهەڵوەشانی نەزمی جیهانی شکڵ گرتوو لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە ڕێبەری ئەمریکا و ناوەندە نێونەتەوەییەکان کە ئەم نەزمە بەڕێوەدەبەن، وە هەروەها تێکەوتنی جیهان لە دەورانی گوزاری داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. قۆناغێک کە تێیدا دەسەڵاتەکانی وەک چین، ئەمریکا، ڕووسیە، هێند، ئۆرووپا و ئەکتەرە ناوچەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین و ئەفریقا لە حاڵی کێبەرکێ دان. ئەم دەسەڵاتانە بەو بلۆکبەندییانەی کە بۆ دەورونەقش نواندنی زیاتر لە پێناسەکردنەوەی نەزمی جیهانیدا پێکیان هێناوە، درێژە بە ڕقابەت دەدەن و هێشتا هاوسەنگی هێز و سنوورەکانی نفووزی ئەم دەسەڵات و بلۆکبەندییانە سەقامگیر نەبووە و لەئاکامدا شایەدی هەرج و مەرجی ناوچەیی، شەڕی نیابەتی، ڕەقابەتی بلۆکەکان و قەیرانی مەشرووعییەتی ناوەندە نێونەتەوەییەکانین. لەم بارودۆخەدا مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری و بزووتنەوەی جەماوەری لەدژی هەژاری و نایەکسانی و هێرشی دەوڵەتەکان بۆسەر کار و ژیان و گوزەرانی کرێکاران، لەدژی هێرش بۆسەر ئازادیی سیاسی و کوشتار و جینۆساید و لەناوبردنی ژینگە، لە سەرتاسەری جیهان درێژەی دەبێت.

لەم بارودۆخە ئاڵۆز و شڵەژاوەی ناوچەکەدا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەستێنی قەیرانی چەند لایەنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەو بنبەستانەی تێیاندا گرفتار بووە، لەلایەکەوە کەوتووەتە ژێر فشاری ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و لەلایەکی دیکەوە لەژێر فشاری ئەمریکا و دەوڵەتانی ئوورووپاییدایە بۆ تەسلیمبوونی بێ شەرت و مەرج. لەم بارودۆخەدا سەرانی ڕژیم لە هەمان کاتدا کە بەشوێن ڕێگایەک بۆ سازش کردن لەگەڵ ئەمریکا دەگەڕێن، ڕوو بە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئێران چەکیان لە ڕووەوە بەستووە و مانەوەی خۆیان لە گرەوی پەرەپێدانی سەرکوتدا دەبینن. بەڵام سەرەڕای پەرەپێدانی فەزای سەرکوت، نەتەنیا کۆمەڵگای ئێران چاوترسێن نەبووە، بەڵکوو ئەوە ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییانەن کە کاریگەرییان خستووەتە سەر کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا. ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەناو زیندانەکاندا ئاڵای هەڵمەتی نا بۆ ئێعدامیان بەرز کردووەتەوە و بەندکراوانی قزڵحەسار بە مانگرتن لە خواردنی خۆیان لەدژی قەتڵە حکوومەتییەکان، خاڵێکی وەرچەرخانیان لە خەبات دژبە سزای ئێعدام تۆمار کرد

لە بارودۆخی هەستیاری ئێستادا، پلێنۆم بۆ جارێکی تر لەسەر گرینگی ستراتێژی ڕێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری، هەوڵ بۆ پێکهێنانی ڕێبەری سەرتاسەری بە ئاسۆی سۆسیالیستی و یەکگرتوویی ستراتێژیکی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و ... تەئکیدی کرد. پلێنۆم هەروەها لەسەر گرینگی هەوڵ بۆ بەهێزکردن و گەشەی چالاکی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئاستی سەرتاسەری و لە کوردستان پێداگریی کرد و لەسەر ئەولوویەتەکانی دیکە لەوانە "خەباتی چالاکانەتر بۆ تێکشکاندنی سەرکوتی ڕژیم" و "پووچەڵ کردنەوەی سات و سەودای ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و ئەحزابی ناسیۆنالیستی" بۆ ئاڵترناتیڤسازی لەسەرەوەی خەڵک و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەئکیدی کرد

لە بەشی ڕاپۆرتە تەشکیلاتییەکاندا، ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب، شۆرای تەلەویزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، کۆمیتەی ئیدارەی سایتەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزب، هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب لەشۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، گۆڤاری جهان امروز، کۆمیتەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، کۆمیسیۆنی ماڵی، کۆمیسیۆنی ئامووزش و کۆمیتەی ئیجرایی حیزب پێشکەش کران و درانە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە درێژەدا ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی چالاکیی حیزبی تەقویەت کرد و دووبارە سازمانی دانەوە

پلێنۆم لە بەشی کۆتایی کاری خۆیدا بە مەبەستی هیدایەتی چالاکی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب لە ماوەی دوو پلێنۆمدا، لە ناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ٩ کەس لە هاوڕێیان: هەڵمەت ئەحمەدیان، ڕەئوف پەرستار، نوسرەت تەیمورزادە، شەمسی خورەمی، ناسر زەمانی، ئارام فەرەجوڵلاهی، حەسەن شەمسی، ئەحمەد عەزیزپوور و سەلاح مازووجی وەک ئەندامانی کۆمیتەی ئیجرایی حیزب هەڵبژارد

**کۆمیتەی ئیجرایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٤ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی بەرابەر لەگەڵ ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ی زایینی

***

## ڕاگەیەندراوی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# بۆ ئیدانەکردنی فشار و دەستبەسەرکردنی مامۆستایانی کوردستان و پشتیوانی لە هاوپشتیی خوێندکاران

لە ڕۆژگارێکدا کە کۆماری ئیسلامی، سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی لە ناوەڕۆکی ئینسانی و زانستی خۆی داماڵیوە و کردوویەتی بە کاڵا و چینایەتی، زەخت و فشارە ئەمنییەکان، دەستگیرکردن، دەرکردن، لابردن لەسەر کار و بێبەشکردنی مامۆستا مافخواز و ئازادیخوازەکانیش پەرەی سەندووە. دەستبەسەرکردنی توندوتیژانەی مامۆستای خانەنشین „جەهانگیر ڕۆستەمی“، ئەندامی ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی „هەرسین“ لە ماڵی خۆیدا؛ لابردنی „زەیتوون کەهزادی“، بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانەکانی جوانڕۆ لە پۆستەکەی؛ بێبەشکردنی „مێهری خوسرەویزاد“ لە ئیمتیازاتی ئیداری و خۆڕاگری و وەستانەوەی ووشیارانەی کچانی خوێندکار



لە قوتابخانەکانی جوانڕۆ و چەندین نموونەی تر، دیاردەیەکە کە لە لایەکەوە زەخت و ستەمی دەزگای سەرکوتی ڕژیم و لە لایەکی دیکەوە ئەڵقە تێک ئاڵاوەکانی زنجیرەی خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر نەزمی چینایەتی و ستەمی دیکتاتۆریی ڕژیمدا ئاشکرا .دەکات

سەپاندنی فشار بۆسەر مامۆستایانی کوردستان، بەشێکە لە سیاسەتی سەرکوت و کپکردنەوەی دەنگی ئەوان. مامۆستایانی کوردستان بە تاوانی داکۆکیکردن لە ئازادیی خوێندنی زانستی و خۆڕایی، دەستگیر دەکرێن، لەسەر کار لادەبرێن، دوور دەخرێنەوە، بە زۆر خانەنشین دەکرێن یان لە مافەکانیان بێبەش دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە هۆکاری سەرەکی داڕمانی سیستەمی پەروەردە و بەڕێوەبردن، خودی کۆماری ئیسلامییە. ئەو حوکمانەی لەلایەن دیوانی بەناو „دادپەروەریی ئیداری“یەوە دەردەکرێن، تەنیا ئامرازێکن بۆ سەرکوتکردنی هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازانە و شەرعیەتدان بە بێدادی. ئامانجی ئەم حوکمانە، شکاندنی ئیرادەی کۆمەڵایەتی مامۆستایان و ڕێگرتنە لە پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ .کرێکاران و توێژەکانی دیکەی خەڵکی زەحمەتکێش

دەستگیرکردنی جەهانگیر ڕۆستەمی، مامۆستای خانەنشینی شاری هەرسین، درێژەی هەمان لۆژیکی سەرکوت و تۆقاندنە کە بە ناوی „ئاسایش“ەوە پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. دەستبەسەرکردنی توندوتیژانەی ئەم مامۆستا مافخوازە بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان ڕابگەیەندرێت، پێشێلکارییەکی ئاشکرای سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە. ئەمجۆرە کردەوە سەرکوتگەرانەیە نیشانەی بنبەستی تەواوی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خواست و داوا ڕەوا و گشتییەکانی فەرهەنگیان. ڕژیمێک کە بۆ پاراستنی دەسەڵات و مانەوەی خۆی، پەنا بۆ سەرکوتی ڕاستەوخۆی خەڵک دەبات. ئەم سەرکوتانە لە پێگەی هێزەوە نییە، بەڵکوو لە ترسی .داڕمانی نەزمێکە کە لەسەر بنەمای بێدادی و نایەکسانی دامەزراوە

لە بەرانبەر کردەوەی سەرکوتگەرانە و کەشی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی و بۆ داکۆکیکردن لە مامۆستا شەریف و زەحمەتکێشەکان، کچانی خوێندکاری مەدرەسەکانی جوانڕۆ دەنگیان هەڵبڕیوە؛ دەنگی ئازادی، ئاگایی و هاوپشتی. لە قوتابخانەی سەرەتایی „فرەیدەوس“ەوە تا ئامادەیی „پەروین ئیعتیسامی“، سرودیئازادیخوازییان دەنگدانەوەی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینایە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا. ئەم کچە بوێرانە نیشانیان داوە کە خوێندن بەبێ ئازادی هیچ مانایەکی نییە و وانەکانی قوتابخانە بەبێ دەنگی ژنان و کچان، ناتەواون. ئەوان سەلماندیان کە ووشیاری ئیخراج ناکرێت و هیچ هێزێک توانای .کپکردنی دەنگی وشیاری کۆمەڵگەی نییە

خەباتی مامۆستایانی کوردستان و هاوپشتیی خوێندکاران، بەشێکی دانەبڕاوە لە تێکۆشانی سەراسەریی کرێکاران، ژنان و هەموو چەوساوەکان دژی نەزمی سەرمایەداری و دیکتاتۆریی ئایینی. کۆمەڵە لەو باوەڕەدایە کە ڕێکخراوبوونی ئاگاهانەی مامۆستایان، کرێکاران و لاوان لە چوارچێوەی شۆرا و ڕێکخراوە سەربەخۆکاندا، تەنیا ڕێگای ڕزگارییە لەم بازنەی ستەم و سەرکوتە. ئەمڕۆ دەنگی خۆڕاگری لە کوردستان لە دڵی قوتابخانەکانیشەوە بەرز دەبێتەوە. دەرکردن، دوورخستنەوە و زیندان ناتوانن بڵێسەی ئاگایی کۆمەڵگە .خامۆش بکەن

کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی حوکمە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی دژی مامۆستایان و هەموو شێوازەکانی سەرکوت و فشار لەسەر فەرهەنگیان و خوێندکاران، جەخت لەسەر هاوپشتی چینایەتی نێوان کرێکاران، مامۆستایان، ژنان و لاوان دەکاتەوە و بانگەوازی سەرجەم هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان دەکات کە پشتیوانی .لەم خەبات و تێکۆشانە بکەن

**سەرکەوێ هاوپشتیی خەباتگێڕانەی**
**مامۆستایان و خوێندکارانی ئازادیخواز**
**بڕووخێ ڕژیمی دژە زانستی کۆماری ئیسلامی**
**بژی دەسەڵاتدارێتیی شۆرایی خەڵکی کوردستان**

**کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠٤
٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەبۆنەی هەڵوەشانەوەی حوکمی قەتڵی دەوڵەتی شەریفە محەممەدی

حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی پاش نارەزایەتی بەرینی ناوەندە کرێکارییەکان، سۆسیالیستی و ئینسانە ئازادیخواز، سوسیالیست و بەرابەری تەڵەبەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، هەڵوەشایەوە. شەریفە محەممەدی، چالاکی بزووتنەوەی کرێکاری ولە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ڕێکەوتی ١٤ی سەرماوەزی ١٤٠٢ لەلایەن مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانی لاکانی ڕەشت کرا. ناوبراو ماوەیەکیش بۆ زیندانی سنە گواسترایەوە. شەریفە محەممەدی لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٣، لەلایەن لقی



یەکی دادگای ئینقلابی ڕەشت و لەلایەن ئاخوندێکی داردەستی ئەشکەنجەگەرانی وەزارەتی ئیتلاعات بەناوی دەرویش گۆفتار بە تۆمەتی "بەغی" بە ئێعدام مەحکووم کرا. دیوانی باڵای ڕژیم بەهۆی کەموکوڕی و کێشەی پەروەندەکە، ئەم حوکمەی هەڵوەشاندنەوە و ئەم پەروەندەیەی بە کوڕی هەر ئەو قازییە سپارد کە ئەویش هاوشێوەی باوکی ئاخوندێکی گوێڕایەڵی ناوەندە ئەمنییەکان بوو. قازیی کوڕ، هیچ بایەخێکی بە کەموکوڕیی پەروەندەکە نەدا و دووبارە حوکمی ئێعدامی بۆ شەریفەی محەممەدی دەرکردەوە. ئەم جارە نۆرەی لقی ٢٩ی دیوانی باڵا بوو کە لە کێشە و نەقسی ئەساسی ئەم پەروەندەیە چاوپۆشی بکات و حوکمی ئێعدامی شەریفە دووبارە پەسند بکاتەوە

دووپات بوونەوەی چەند جارەی حوکمی ئێعدام ئەگەرچی نیشانەی ئەوە بوو کە ناوەندە ئەمنییەکان بڕیاری کوشتنی شەریفەیان دابوو، بەڵام نارەزایەتی بنەماڵە، پارێزەران، خانەنشینان، مامۆستایان، ڕێکخراو وچالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان، ئەحزاب و سازمانە سۆسیالیستەکان و ناوەندە پێشکەوتنخوازەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بەرینتر لە ڕابردوو درێژەی بوو و ڕەهەندەکانی ئەم پەروەندەیەی لە بەرژەوەندی ئەشکەنجەگەرانی ئیتلاعات و دادگای ئینقلابی ڕەشت بەرزتر کردەوە. حوکمی ئێعدامی شەریفە لەگەڵ حوکمی ئێعدامی وریشە مورادی و پەخشان

عەزیـزی ڕەهەنـدی سەرتاسـەری و جیهانـی بەخـۆ گـرت و بەناچـار بـە دەخاڵەتـی سـەرۆکی دەزگای قەزایـی، موحسـینی ئێژەیـی، حوکمـی ئێعدامـی شـەریفە محەممـەدی هەڵوەشـایەوە و کـرا بـە سـی سـاڵ زینـدان

شـەریفەی هەزلسوراوی کرێـکاری هـەروا لـە زیندانـە و بێگومـان خەبـات بـۆ ئازادکردنـی ناوبـراو و هەمـوو چالاکانـی بزووتنـەوەی کرێـکاری و بەندکراوانـی سیاسـی درێژەی دەبێت. هەڵوەشـانەوەی حوکمـی ئێعدامـی شـەریفە محەممـەدی سـەرکەوتنێکی گەورەیـە



بـۆ بزووتنەوەیەکـی ڕوو لـە گەشـە و بێوێنـە لـە مێـژووی ئێرانـدا، واتـە بزووتنـەوەی هەڵوەشـاندنەوەی سـزای ئێعـدام

شـۆرای هـاوکاری لەسـەر پشـتیوانی کـردن لـە "کەمپەینـی سێشـەممەکانی نـا بـۆ ئێعـدام" و لـە هـەر خەباتێکـی دیکـە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی کوشـتنی بەبەرنامـە و ڕێکخـراوی دەوڵـەت دووبـارە تەئکیـد دەکاتـەوە. هەڵوەشـانەوەی حوکمـی شـەریفە لـە بنەماڵەکـەی، بەتایبـەت لـە هاوسـەر و منداڵەکانـی و لـە هەمـوو ئەوانـەی لـەم ڕێگایـەدا هەنگاویـان هەڵگـرت، پیرۆزبایـی دەکەیـن.

هەڵوەشـانەوەی حوکمـی شـەریفە محەممـەدی ئەوەمـان پـێ دەڵـێ کـە بـەر لـە هەڵوەشـاندنەوەی یەکجاریـی سـزای ئێعدامیش، دەتوانیـن گیانـی زۆرێـک لـە ئازیـزان نەجـات بدەیـن.

**بژی بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٨ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی - ٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ی زایینی

واژۆکان: ئیتحـادی سۆسیالیسـتی کارگـەری، حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران، حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێـکاری - حێکمەتیسـت، سـازمانی ڕاهـی کاریگـەر، سـازمانی فەدائیـان (ئەقەلیـەت) و هەسـتەی ئەقەلییـەت

❊❊❊

# پیلانی بردنەسەری ٣٠٠ تا ٥٠٠ لەسەدی نرخی بێنزین؛ خەزەڵوەرێکی تر مومکینە

کۆمـاری ئیسلامـی کەوتووەتـە پێگەیەکـەوە کـە بـە هیـچ شـێوەیەک ناتوانـێ قەیرانـی قووڵـی ئابـووری و سیاسـی و ئـەو بنبەسـتانەی لەگەڵیـان بـەرەوڕووە بیانشـارێتەوە. دەوڵەتـی وفاقـی پزشـکیان، کـە بـە دروشـمی "ئینسـاف و عەداڵـەت" هاتـە سـەر کار، ئێسـتا بـۆ قەرەبووکردنـەوەی ئیفلاسـی دارایـی خـۆی پەنـای بـردووە بـۆ بردنەسـەری نرخـی بێنزیـن. واتـە هـەر ئـەو سیاسـەتەی دەوڵەتـی ڕووحانـی لـە خەزەڵـوەری ١٣٩٨ی هەتاویـدا تاقـی کـردەوە. ئەگـەر ڕژیمـی ئیسلامـی ئـەو کات خەڵکـی کرێـکار و زەحمەتکێشـی کۆمەڵـگای غافڵگیـر کـرد، بـەڵام ئەمجارە هەلومەرجەکـە جیاوازە. کۆمەڵـگا لـە بـواری زەینییـەوە زۆر هوشـیارتر و تووڕەتـر لـە شـەش سـاڵ لەوەپێشـە. فشـاری بژێـو، بێـکاری، هـەژاری و نایەکسـانی گەیشـتووەتە ئاسـتێک کـە هـەر چەخماخەیـەک دەتوانـێ ئاگرێکـی کۆنتـڕۆڵ نەکـراو داگیرسـێنێت

لـە وەهـا بارودۆخێکـدا پیلانـی بردنەسـەری ٣٠٠ تـا ٥٠٠ لەسـەدی قیمەتـی بێنزیـن، نەتەنیـا کردەوەیەکـی ئابـووری، بەڵکـوو پڕۆژەیەکـە بـۆ گواسـتنەوەی بـاری قەیرانـی نیزامـی سـەرمایەداری ئیسلامـی بۆسـەر شـانی کرێـکاران و زەحمەتکێشـان. بـەڵام ئـەم هێرشـە ئاشـکرایە بۆسـەر بژێـوی خەڵـک لـە هەمان کاتـدا دەتوانێ دەسـتپێکی قۆناغێکـی تـازە لـە خەبـات و خۆڕاگـری چینایەتـی و ئاخێـزی جەمـاوەری بێـت. بردنەسـەری بەهـای سـووتەمەنی لـە بارودۆخێکـدا هاتووەتـە گـۆڕێ کـە ئابـووری ئێـران گەیشـتووەتە ئاسـتی دارمان. پەرەسـەندنی گەمـارۆ نێونەتەوەییـەکان، گەندەڵیی دەسـەڵات، ناکارامەیـی بەڕێوەبـەری و چڕکردنـەوەی سـەروەت لەنـاو دەسـتی کەمینـەی دەسـەڵاتدار، دەوڵەتـی لەگـەڵ کـەسری بوودجـەی بەریـن بـەرەوڕوو کـردووە. وڵامـی دەوڵەتـی پزشـکیان بـەم قەیرانـە، هەمـان سیاسـەتی هەمیشـەیی "دزی کـردن لـە خەڵکـە"

بردنەسـەری قیمەتـی بێنزیـن لـە ئابوورییەکـدا کـە هەمـوو زنجیرەکانـی بەرهەمهێنـان، گواسـتنەوە و خزمەتگـوازی پێـی وابەسـتەیە، بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ چوونەسـەری لەنـاکاوی قیمەتی خـۆراک، کرێـی مـاڵ، کرێـی گواسـتنەوە و کاڵا پێویسـتەکانی لێدەکەوێتـەوە. وە ئـەوەش لـە ئاکامـدا هـەژاری زیاتـری ملیۆنـان بنەماڵـە و قووڵبوونـەوەی بۆشـایی چینایەتـی بـەدوای خۆیـدا دێنێـت. بینانـووی دەوڵـەت، "ناتەرازیـی ئێنێـرژی" و "عەداڵەت لە دابەشـکردنی یارانـەکان"ە، بـەڵام ئـەم بابەتانـە تەنیـا ڕوپۆشـێکە بـۆ درێـژەی هەمـان سیاسـەتە نیئۆلیبرالییەکانـی کۆمـاری ئیسلامـی واتـە: بەتایبـەت کـردن، ڕیازەتـی ئابـووری و گواسـتنەوەی بـاری قەیـران بـۆ خوارتریـن توێژەکانـی کۆمەڵـگا

دەوڵەتـی پزشـکیان بـە زمانێکـی دوولایەنـە قسـە دەکات. لەلایەکـەوە، وتەبێـژی دەوڵـەت هەواڵـی بردنەسـەری قیمـەت ئینـکار دەکات. لەلایەکـی دیکـەوە، خـودی سـەرۆک کۆمـار لـە وتەکانیـدا دەڵـێ: " لـە ئەسـڵی بردنەسـەری قیمەتـی بێنزینـدا هیـچ گومانێـک نییـە". ئـەم ناتەباییـە بەڕێکـەوت نییـە، بەڵکـوو هەوڵێکـی هۆشـیارانەیە بـۆ ئامادەکردنـی کۆمەڵـگا لـە ڕووی دەروونییـەوە؛ شـێوازێک کـە حکوومـەت لـە خەزەڵـوەری سـاڵی ٩٨دا کەڵکـی لـێ وەرگـرت. لـە ڕاسـتیدا ئـەم سیاسـەتە، واتـە "وەدرۆخسـتنەوە هەتـا دوایـن سـات"، جۆرێـک لـە مودیرییەتـی بیـروڕای گشـتییە بـۆ ڕێگـری کـردن لـە سـازماندانی پێشـوەختەی ناڕەزایەتـی. بـەڵام خەڵـک ئەمـڕۆ هێندەیـان ئەزمـوون بەدەسـتهێناوە کـە ئـەم یارییـە بـاش بناسـن

چوونەسـەری لەنـاکاوی قیمەتـی بێنزیـن لـە مانگـی خەزەڵـوەری ١٣٩٨، لەمـاوەی چەنـد سـەعاتدا زیاتـر لـە سـەد شـاری ئێرانـی کـردە مەیدانـی ناڕەزایەتـی. ئـەم ئاخێـزە، خاڵێکـی وەرچەرخـان بـوو لـە مێـژووی سـەدەمی بزووتنەوەکانـی ئێرانـدا. چونکـە بـۆ یەکـەم جـار خەڵکـی هـەژار و بێبەشـکراو لـە پەراوێـزی شـارەکانەوە پێیـان نایـە ناوەنـدی سیاسـەت و دروشـمەکانیان نـان و بژێـوی تێپەڕانـد. بـەڵام وڵامـی حکوومـەت، کـوشتن و سـەرکوتی دڕندانـە بـوو. زیاتـر لـە هـەزار و ٥٠٠ کەسـی کوشـت، هـەزاران کەسـی بریـندار و دەستبەسـەر کـرد و ئینترنێتـی سەرتاسـەری قەتـع کـرد تـا دەنگـی خەڵـک خامـۆش بـکات. بـەڵام بـەم حاڵـەوە، مانگـی خەزەڵـوەر وەک ئەزموونێکـی بەکۆمـەڵ لـە بیـری



چینایەتـی کۆمەڵـگادا مایـەوە. ئەزموونێـک لـە تووڕەیـی و خەبات و خۆڕاگـری لـە بەرامبـەر سـەرکوتی خوێناویـدا، ئەزموونێـک کـە دژایەتـی حکوومەتـی بەرامبـەر بـە هەژارانـی کۆمەڵـگا گەیانـدە ئاسـتێکی ئاشـتیهەڵنەگر. وانـەی ئاخێـزی خەزەڵـوەری ٩٨ ئەوەیـە کـە ناڕەزایەتـی بـە بـێ ڕێکخسـتنی پێشـوو، لـە بەرامبـەر ماشـێنی سـەرکوتدا دەوام ناهێنـێ. بـەڵام هـەر ئاخێزێـک تـۆوی هوشـاری تـازە دەچێنـێ و دەتوانـێ لـە قۆناغەکانـی دواتـردا ببێتـە بزووتنەوەیەکـی ڕیشـەدارتر و ڕادیـکاڵتر

دەوڵەتـی کۆمـاری ئیسلامـی ئامـرازی سیاسـی چینـی دەسـەڵاتدار بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی سـەرمایەدارییە. ئـەم دەوڵەتـە، لـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ناوەنـدە نیزامـی و ئەمنیەتییەکانـدا، نەقشـی کارگێـڕی چینـی بـورژوازی ئێرانـی هەیـە. لـە قۆناغـی قەیرانـی ئابووریـدا، دەوڵەتـی بورژوایـی بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی خـۆی لـە سیاسـەتی ڕیازەتـی ئابـووری بـۆ قەرەبووکردنـەوەی کـەسری بوودجـە و لـە تاکتیکـی سـەرکوتی سیاسـی بـۆ کۆنتڕۆڵکردنـی ناڕەزایەتـی کۆمەڵایەتـی، کـە سـەرچاوەگرتوو لـەم سیاسـەتەیە، کەڵـک وەردەگرێـت.

دەوڵـەت بـە جێبەجـێ کردنـی ئـەم تەرحـەی هێـرش دەکاتە سـەر

بژێوی ملیۆنان کەس. بێگومان بردنەسەری قیمەتی بێنزین لە هەر ئاستێکدا بەڕێوەبچێت، شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی لێدەکەوێتەوە. حکوومەت لە ئەزموونی خەزەڵوەری ٩٨ەوە فێر بووە کە دەبێ بەپارێزەوە بەڕێوەی بەرێت. بەڵام بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێستا زۆر ناپایەدارتر. ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چەند قەیرانی هاوکات بەرەوڕوویە. مەترسی دارمانی ئابووری، بێمتمانەیی گشتی، گۆشەگیریی ناوچەیی، ناکۆکی و بۆشایی لەناو لەدەسەڵات و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، زیاتر لە هەموو کاتێک فشاری خستووەتە سەر ڕژیمی ئیسلامی. هەر سیاسەتێکی ڕیازەتی نوێ، دەتوانێ ببێتە چەخماخەیەک و تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی لێبکەوێتەوە



لەم ڕووەوە، ئەگەری سەرهەڵدانی ئاخێزێکی جەماوەری زۆر واقعییە. بەڵام ئەم ئاخێزە ئەگەر بە بێ سازماندان و ڕێبەری بێت، لەوانەیە دیسان ئەزموونی خەزەڵوەر دووپات بێتەوە. بەڵام ئەگەر ئاوێتەی هوشیاری و یەکڕیزی چینایەتی بێت دەتوانێ ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مەسیری ئامادە کردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا. بردنەسەری نرخی بێنزین، تەنیا بڕیارێکی ئابووری نییە. ڕاگەیاندنی شەڕی چینایەتی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران دژبە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە. وڵام بەم شەڕە دەبێ نەک کاردانەوەیەکی لەناکاو، بەڵکوو وڵامێکی هوشیارانە و ڕێکخراو و شۆڕشگێڕانە بێت.

هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست و ڕادیکاڵی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و ژنان و پیاوانی لاو و ئازادیخواز پێویستە هەر لە ئێستاوە بۆ پێکهێنانی تۆڕەکانی هاوپشتی لە شوێنی کار و گەڕەکەکانی شارەکان بۆ ڕێکخستنی خۆڕاگری و ناڕەزایەتی جەماوری خۆیان ئامادە بکەن. تەنیا بە ڕێکخستنی ئیرادەی جەماوەر و هەوڵ بۆ پێکهێنانی ڕێبەری سەراسەری دەتوانین لە ڕاستای ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران و ڕانتخۆراندا هەنگاو هەڵگرین و ئاسۆی ڕزگاری لە چەرخەی هەژاری و نابەرابەری و سەرکوت بەڕووی کۆمەڵگادا بکەینەوە. لەم مەسیرەدا، دەبێ لە ئەزموونەکانی پێشوو فێربین، بەڵام نابێ ئەسیری ڕابردوو بین. بێگومان خەزەڵوەرێکی تر مومکینە

❊❊❊

## بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

# ڕاگەیاندنی تاوان و گرتنەبەری سیاسەتی سەربەخۆ لەدژی دوژمنانی چینایەتی

پەرەسەندنی قەیرانە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان هەلومەرجێکی یەکجار دژوار و تاقەت پڕووکێنی بۆ جەماوەرێ کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران پێکهێناوە. چوونەسەری لەڕادەبەدەری خەرجییەکانی ژیان، سەرەتاییترین پێداویستییەکانی بۆ بنەماڵەکان کردووەتە حەسرت و سفرەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەتاڵتر بووە. کەمترین ئاستی خوشبژێویی کۆمەڵایەتی بووەتە ئاواتێکی دوورەدەست و سێبەری ڕەشی هەژاری باڵی بەسەر ژیانیاندا کێشاوە. بەپێی ئامار زیاتر لە ٦٠٪ی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدان. ئەم بارودۆخە سەختە بووەتە هۆی ئەوەیکە ئاراستەی ناڕەزایەتی دژبە بارودۆخی ئێستا لە ناو توێژە جۆراوجۆرەکانی جەماوەردا گەشە بکات.

کرێکاران لەئاست کەمبوونی حەقدەست، زیادبوونی سەعاتی کار، دواخرانی حەقدەست، بێکاری بەرین و هەڵاوسانی بێسنوور ناڕازین. مامۆستایانیش هەر ئەم ژانە هاوبەشە لە شوێنی پڕ لە هەڵاواردنی کار و پەروەردەدا ئەزموون دەکەن. خانەنشینانی ماندوویی نەناس ساڵەهایە، بە بێ متمانەیی تەواو بەرامبەر بە هەر بەرپرس و ناوەندێکی دەوڵەت، لەئاست وەدیهاتنی خواستەکانیان، شەقامیان بۆ وەرگرتنی حەق و دەربڕینی ناڕەزایەتییان هەڵبژاردووە. ژنان و لاوان کە سیاسەتی زاڵمانەی دەسەڵات بۆیان کراوەتە یاسا، ڕێگای دەربڕینی مافخوازییان لە ناڕەزایەتی مەدەنی و لە سەرپێچی لە یاسای کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی و لە خەبات بۆ ئازادی هەڵبژاردنی شێوەی ژیان و پۆششی خۆیاندا دەبینن. بێگومان خەباتی هەر کام لەم هێزە ناڕازییە کۆمەڵایەتییانە، پێداگری لەسەر ئەو مافە ڕەوایانەیە کە چاوپۆشی کردن لێیان دەبێتە هۆی پەرەسەندنی زوڵم و ستەمی زیاتر لەلایەن دەسەڵاتەوە. لەسەر بەستێنی ئەم بارودۆخە سەخت و تاقەت پڕووکێنەیە کە هەموو ڕۆژێ لە شارەکان، لە ناوەندە کرێکارییەکان، پەروەردەیی و دەرمانی، هاواری ئیعترازی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرز دەبێتەوە و تەئکید لەسەر ئەم خواستانەیە کە درێژەی ناڕەزایەتییەکانی لێدەکەوێتەوە

بۆ ئاسانکردنەوەی بابەتی خەبات و کاریگەری دانان لەسەر باقی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان و بەهێزتر کردنی خەبات، بە هەر شێوەیەک کە ئیعترازات و یەکگرتوویی بزووتنەوەکان زیاتر پەرەپێبدات، تەئکید لەسەر خواستی ئابووری پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. لەبەر ئەوەی داخوازیی ئابووری ئەساسی بژێو و سەرەتاییترین مافی ژیانی مرۆڤە. دروشمی زیادکردنی حەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار، ناڕەزایەتی دژبە هەڵاوسان وگرانی، ئاکامی دژواربوونی ژیان و ئاکامی یەک نەگرتنەوەی ئاستی بژێو و هەزینەی سەرەتاییترین پێداویستییەکانە. بەڵام خەبات بۆ داخوازییە ئابوورییەکان هەرچەند زۆر پێویستە بەڵام بەتەنیا بەس نییە. چونکە دابین نەکرانی پێداویستییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بۆ بابەتێکی ڕیشەیی دیکە دەگەڕێتەوە. واتە لەژێر کاریگەریی گشت نیزامی ئابووری و سیاسی دەسەڵاتدار و ئەرکەکانی دەوڵەت لە جێبەجێ کردنیان دایە. کاتێک کە سیستمی ئابووری و سیاسی و دەوڵەتێک کە ناوەندی جێبەجێکار و بەرپرسی دابین کردنی مافی خەڵکە، توانای جێبەجێ کردنی بەرپرسایەتییەکەی نییە و یان بە واتایەکی باشتر ئیرادە و مەیلێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جەماوەر نییە و بە سیاسەتی هەڵە و چەوسێنەرانە خۆی، بووەتە هۆکاری پەرەسەندنی کێشەکانی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگا، لەم بارودۆخەدا تەنیا ڕاگەیاندنی خواست و هاواری مافخوازی بۆ کەمکردنەوەی ستەم بەرامبەر بە کۆمەڵگا و دابین کردنی بژێوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کافی نییە و دەبێ ڕوو بکرێتە ڕێگایەکی کاریگەرتر. ئەم ڕێگایە پێویستی بە گرتنەبەری سیاسەتی سەربەخۆ لەلایەن کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرامبەر بە گشت نیزامی ئابووری و سیاسی سەرمایەدارییە

لەوانەیە بوترێ ناڕازییان هێندە درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن تا یان دەوڵەت ڕازی بە دابینکردنی خواستەکانیان بکەن یان جەماوەری ناڕازی لە درێژەی خەباتیاندا سەرەنجام بەوە بگەن کە دەسەڵاتی سەرمایەداری نایهەوێ خواستەکانی جەماوەر دابین بکات. وە ئەو کات هەر ئەو خواستە ئابوورییانە بەرەو مەسیری سیاسی دەڕۆن. ئەم وڵامە بەر لەوەیکە خەبات لەسەر بنەمای ئیرادە و هوشیاری سیاسی چینی کرێکار لەبەرچاو بگرێت، وابەستە بە تەقدیرگەرایی و لەم ستوونەوە بۆ ئەو ستوونەیە. لە بارودۆخێکدا کە سەرۆک کۆمار لەوپەڕی بێشەرمیدا خۆ لە هەر هەزینەیەک بۆ خەڵک دەدزێتەوە و داماوانە، چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک بە خودی خەڵک دەسپێرێ و دەڵێ: "بۆخۆتان لە فکری خۆتاندا بن"، چاوبەستن بەسەر ئەم واقعییاتە و ئومێدوار بوونێکی پووچ و بێبنەما بەم نیزامە پرتووکاوە، ساویلکەبوونە و هیچی تر

لەم ڕووەوە هەڵبژاردنی ورد و هوشیارانەی هێندێک لە دروشمەکان و هاوڕێ بوون لەگەڵ ئەو چین و توێژانەی کە هاوپەیمانی چینایەتی کرێکارانن و لە مەیدانی خەباتدان، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕیزی هاوڕێیانی جەماوەری زەحمەتکێش و دەبێتە هۆی پێکهاتنی بەدیلێکی بەهێز لە بەرامبەر دەسەڵاتێکدا کە دوژمنی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانە. هەرکات کرێکاران و زەحمەتکێشان نەتوانن ڕیزەکانیان بەهێز بکەن و شێوازی پێشکەوتووتر لە خەبات بگرنە بەر، دەوڵەتانی سەرمایەداری بە زیادکردنی سوڵتە و ئیقتدار بەسەر کۆمەڵگا، لە ستەم وسەرکوت بەردەوام دەبن.

نیزامی سەرمایەداری و دەوڵەتانی پشتیوانیان هۆکاری هەموو کێشە و گرفتەکانی خەڵکن و گرانی، بێکاری، زیندان وسەرکوتی ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەرهەمی دەسەڵاتێکە کە داکۆکیکاری سەرمایەداران و زەمیندارانە. وە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش نامۆیە. هیچ پەردەیەک نابێ سێبەر بخاتە سەر سرووشتی دژەکرێکاری و چەوسێنەرانەی دەسەڵات و زوڵم و ستەمەکەی داپۆشێ. دەبێ بۆ خەباتی هاوبەش، ماندوویی نەناسانە و ئاشتی هەڵنەگرانە دژبە نیزامی ئابووری - کۆمەڵایەتی و سیاسی ئامادە بین! ئەم ڕەوتە دەستیپێکردووە و هەر ئێستا شایەدی تێکۆشانی ناڕازییانین لەپێناو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ لەئاستی کۆمەڵگادا

٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی

**سەندیکاری کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە**

**کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوی کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینی خووزستان**

**گرووپی یەکیەتیی خانەنشینان**

❊❊❊

# قۆناغێکی نوێ لە ململانێی باڵ و باندەکانی ناو حکومەتی ئیسلامی

لەدوای شکستی سیاسەتە ستراتیژییەکانی حکومەتی ئیسلامی و قووڵبوونەوەی قەیرانی مەشرووعییەتی سیاسی و ئەو قەیرانە هەمەلایەنانەی کە حکومەتی ئیسلامییان گیرۆدەی بوون، ناکۆکی و ململانێی نێوان کەسایەتییە دیارەکانی باڵەکانی نێو ڕژێمی ئیسلامی لە هەفتەکانی ڕابردوودا، بەمەبەستی خۆبێبەریکردن لە سیاسەتە سەرەکییەکان، پەرەی سەندووە و هێرش و ئاشکراکاری بێوێنەیان لە دژی یەکتر دەست پێکردووە. ئەوان بە دەربڕینی نیگەرانی لە چارەنووسی مەترسیداری حکومەتی ئیسلامی، سەرکردەکانی سپای پاسداران، خودی خامنەیی و کەسایەتی و دەستوپێوەندەکانی باڵە توندڕەو و بناژۆخوازەکانی سەر بە ئەویان بە تاوانباری سەرەکی ئەم دۆخە قەیراناوییە داناوە کە کۆماری ئیسلامی خستۆتە لێواری هەڵدێرەوە. ڕیفۆرمخوازانی حکومەت، بناژۆخوازە توندڕەوەکانی دەوری خامنەییان بە تاوانبار و هۆکاری توندبوونەوەی قەیرانە قووڵ و ڕیشەییەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و دزی و گەندەڵیی دارایی و دۆخی نالەباری وڵات دەناسێنن. ئەوان هەروەها گۆشەگیری ناوچەیی و نێونەتەوەیی حکومەتی ئیسلامی بە ئەنجامی جێبەجێکردنی سیاسەتە ستراتیژییەکانی حکومەتی ئیسلامی و خودی خامنەیی و سپای پاسداران دەزانن. ئەوشتەی کە ساڵانی پێشوو و تا ئێستا جورئەتی دەربڕینیان نەبووە. چونکە تێچووی گرتنەبەری هەڵوێستی لەو جۆرەیان لەسەر نموونەی بەنی .سەدر، موسەوی، کەڕوبی، ڕەفسەنجانی و ئەوانی تر بینیبوو

بەڵام ئێستا لەگەڵ لاوازبوونی پێگەی حکومەتی ئیسلامی، کەسانێکی وەک محەممەد خاتەمی، سەرۆک کۆماری ڕیفۆرمخوازی پێشوو کە تا ئێستا سەری لە لاکی خۆیدا بوو، و هەروەها کەسانی وەک مەهدی کەروبی، حەسەن ڕۆحانی، جەواد زەریف، بنەماڵەی ڕەفسەنجانی و مۆرە و کاربەدەستانی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخواز، گرووپەکانی سازندگی، میانڕەوە سەوز و بنەوشەکان و تەنانەت بەشێک لە ئوسوولگەرا میانڕەوەکانیش، دەستیان کردووە بە ڕەخنەگرتن و هێرشی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ سەر خامنەیی و فەرماندەکانی سپا و ئەرتەش. ئەوان لە تەبلیغاتیان دژی باڵی ڕکابەر، دەخاڵەتی نیزامییەکان لە کاروباری ئابووری و گرتنەدەستی پۆستە باڵاکانی حکومەت؛ دروستکردنی گرژی و دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا و دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان و پشت بەستن بە ڕووسیەیان کردووەتە بەشێک لە تەوەرەکانی پڕوپاگەندەی خۆیان دژی .خامنەیی و باڵی بناژۆخوازی توندڕەو

ئازەر مەنسووری، سەرۆکی بەرەی چاکسازی، ڕۆژی پێنجی خەزەڵوەر بە ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتی پزیشکیان وتی: „دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر وەزارەتی دەرەوە و بواری سیاسەتی دەرەکیدا نییە. هەڵوێستەکانی ئێستای وەزیری دەرەوە لە ناکۆکییەکی ئاشکرادایە لەگەڵ لێدوانەکانی سەرۆک کۆمار و سیاسەتی دەرەوەی حکومەت هەروا لەسەر ڕێڕەوی دوژمنایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا بەردەوامە؛ سیاسەتێک کە شکستیخواردووە و هیچ ئەنجامێکی نەبووە جگە لە گۆشەگیری نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی ئیسلامی و فشاری ئابووری زیاتر بۆ خەڵک.“ ناوبراو وتیشی: „دەسەڵاتی دەوڵەتی پزیشکیان بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووە، بە جۆرێک کە تەنانەت توانای لابردنی فیلتەرینگیشی نییە. کۆماری ئیسلامی لە بواری ئازادی ئینتەرنێتدا یەکێک لە خراپترین پلەکانی لە جیهاندا هەیە“. هەڵبەت، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە دەوڵەتی پزیشکیان، وەک دەوڵەتانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، هیچ کاتێک خاوەنی دەسەڵات و هەژموون نەبووە لە سیاسەتە گشتییەکانی ڕژێمدا. ئەم ڕەخنانەی سەرۆکی بەرەی چاکسازی لە پزیشکیان لە کاتێکدایە کە ئەم بەرەیە لەوپەڕی داماویدا پشتیوانی لە کاندیدبوونی پزیشکیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا .کرد



لە لایەکی ترەوە، محەممەد خاتەمی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە یەزد ئامۆژگاری مەسعوود پزیشکیانی کرد و وتی، حکومەت دەبێت دەسەڵاتی هەبێت، هەر وڵاتێک دەبێت یەک دەوڵەت و یەک ئابووریی هەبێت. ئەو لە کاتێکدا ئاوا ئامۆژگاری پزیشکیان دەکات، کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی خۆیدا، خۆی بە „تدارکاتچی“ (کاربەڕێکەر) ناودەبرد کە خاوەنی هیچ دەسەڵاتێک نییە. خاتەمی وتی: „تورکیا یەک دڵۆپ نەوتیشی نییە، بەڵام بە داهاتی گەشتیاری زۆر لە ئێمە لەپێشترە.“ ئەو لەم بارەیەوەش بە شێوەیەکی چەواشەکارانە جەختی لەسەر سنووردارکردن و نەبوونی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئەو یاسا و ڕێسایانەی حکومەتی ئیسلامی کردەوە کە کاریگەرییان لەسەر پیشەسازیی گەشتیاریش داناوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە خاتەمی باش دەزانێت، بەو مێژوو و سیاسەتەی تیرۆر و بارمتەگرتن کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە ناوخۆ و دەرەوە هەیبووە، کێ ئامادە دەبێت بۆ بینینی ئەوەی کە بە وتەی ئەو „مێژووی دێرین و میراتی کولتووریی وڵاتەکەیەتی“، گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە .و وەک گەشتیار سەردانی ئێران بکات

لەم بارودۆخەدا، حەسەن ڕۆحانیش، کە خۆی یەکێک لە مۆرە ئەمنییەکانی دامودەزگای حکومەتی ئیسلامی بووە، لە چوارچێوەی هێرشکردنە سەر نوێنەرانی مەجلیسدا، ڕەخنەی لە ڕێبەری حکومەتی ئیسلامی گرت و وتی: „مەگەر مەجلیس چەند لەسەدی خەڵکی ئێران پێکدەهێنێت؟ مەگەر چەند دەنگیان هەیە؟ یاسادانانی مەجلیس لە دژی خەڵک، هەڵەیە“. ئەو بە وتنی ئەوەی کە „لە کوێی دنیادا ئابووری و سیاسەت لە دەستی نیزامییەکاندایە“ ڕایگەیاند، کە دەبێت نیزامییەکان بگەڕێنەوە بۆ سەربازگەکان و کارەکان بە دەوڵەت بسپێرن. ئەم قسانەی ڕۆحانی، نوێنەرانی مەجلیس و سپای پاسدارانی تووڕە کرد، بە شێوەیەک کە وتەکانیان بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و بەشێک لە سیناریۆی مۆساد بۆ لاوازکردنی ڕژێم دانا، و داوایان لە دەسەڵاتی دادوەری کرد کە لێپرسینەوە لەگەڵ سەرپێچییەکانی ڕۆحانیدا بکات. هەندێکی دیکەش بە کینایەوە، هەڕەشەی چارەنووسی ڕەفسەنجانییان لە ئیستەخرەکەدا لێکرد. لەم بارەیەوە، فائیزە هاشمی لە چاوپێکەوتنێکدا بە ڕاشکاوییەکی زیاتر لە جاران، مردنی باوکی بە تیرۆر لە قەڵەم دا و وتی: „ئەو کەسانە باوکمیان کوشت کە وەک بەربەست و کۆسپێک لەسەر ڕێگەی خۆیان دەیانبینی. دەبوو ئەو نەمێنێت تا ئەوان بتوانن هەر کارێک بیانەوێت بیکەن و وڵاتیان بەم ڕۆژە گەیاند. باوکم لە پێگەیەکدا نەبوو کە بتوانن .“زیندانی بکەن، بۆیە دەبوو لەناوببرێت

مەترسی پەرەسەندنی لەقاودان و ئاشکراکارییەکان لەنێوان باڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا، کە عەلی خامنەییش دەگرێتەوە، دەرفەتێکی بۆ ڕەخساند کە بە شێوەیەکی چەواشەکارانە خۆی بخاتە قاڵبی ئاشتکەرەوە و جەخت لەسەر پێویستی یەکگرتنی هەموو باڵەکان بکاتەوە لە بەرامبەر دوژمناندا، لە دوای شەڕی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی. بەڵام کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران هیچ وەهمێکیان سەبارەت بە گەندەڵی و دزی و ناکارامەیی هیچ کام لە باڵەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نییە و لەقاودانەکانی باڵەکانی ڕژێم دژی یەکتر، بە هەوڵێک لە پێناو مانەوەی حکومەتی ئیسلامیدا دەزانن. کرێکاران و زەحمەتکێشان و چینە ژێردەستەکانی ئێران، خوازیاری ڕووخاندنی تەواوەتی کۆماری ئیسلامین، لە ڕێگەی پەرەپێدانی مانگرتن و ناڕەزایەتییە ڕێکخراو، .یەکگرتوو و سەرتاسەرییەکانیانەوە

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**

**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**

**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**

**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**

**بکەن:**

**alternative-shorai.tv**

# پیلانی دەوڵەتی پزشکیان بۆ گران کردنی بێنزین، لە سەروبەندیساڵیادی ئاخێزی خەزەڵوەری ١٣٩٨، بۆ ئاخێزێکی دیکە خۆمان ئامادە بکەین

لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی بەرینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەدوای چالاک بوونی مێکانیزمی ماشە و گەڕانەوەی هەموو گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئوورووپایی و سەپاندنی گەمارۆی زیاتر لەلایەن ئەمریکاوە، ئابووریی مایەپووچی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حاڵی داڕماندایە. وەها بارودۆخێک کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا داناوە، توانای کڕینی زیاتر لاواز کردووە و چەندین خۆراکی پێویستی ژیانیانی لەسەر سفرەکانیان سڕیوەتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا دەوڵەتی پزشکیان فریوکارانە بەتەمای بردنەسەری ٣٠٠ تا ٥٠٠ لەسەدیی نرخی بێنزینە تا بە خەیاڵی خۆی بەشێک لە "ناتەرازیی ئابووری" پینە بکات. ئەو و بەرپرسانی دیکەی دەوڵەت بە قسەوباسی ناتەبایان دەیانهەوێ بەستێنی جێبەجێ کردنی ئەم هێرشە بۆسەر بژێوی خەڵک



ئامادە بکەن

ڕۆژی ١٩ی ڕەزبەر، وێبسایتی "خانەی ئیقتساد" بە بڵاوکردنەوەی وێنەگەلێک لە مسووەبەی هەیئەتی وەزیران لە پەیوەند لەگەڵ بردنەسەری نرخی بێنزین، ڕایگەیاند: "بەپێی ئەم پەسندکراوە، دەوڵەت چوارچێوەیەکی نوێی بۆ بردنەسەری نرخی بێنزین و سیاسەتی پەیوەندیدار بە بەکارهێنانی سووتەمەنی ئامادە کردووە کە بریتییە لە چەند سێناریۆ بۆ پێداچوونەوە بەسەر نیزامی نرخی بێنزیندا. وە ئەگەری بردنەسەری قیمەتی بێنزینی یارانەیی لە هەزار و ٥٠٠ تمەنەوە بۆ ٥ هەزار تمەن و نرخی بێنزینی ئازاد لە ٣ هەزار تمەنەوە بۆ ١٠ هەزار تمەن یان سەرتر، خەریکە تاوتوێ دەکرێت". هەمان ڕۆژ فاتمە موهاجرانی وتەبێژی دەوڵەت ئەم هەواڵەی ڕەت کردەوە و وتی وەها پەسەندکراوێکی نەدیتووە. ئەم مەسەلەیە ڕۆژی ٢٣ی ڕەزبەریش لە مەجلیسی ئیسلامی ڕژیمدا باسی لێکرا و نوێنەرێکی مەجلیس بە نیگەرانییەوە ڕوو بە بەرپرسانی دەوڵەت وتی: "باسی سێ نرخی بوون و بردنەسەری قیمەتی بێنزین خەریکە جیددی دەبێتەوە، ئەویش هەتا ٥٠٠ لەسەد. مەگەر ئێوە دەتانهەوێ وڵات بشێوێنن؟" دواتر لە ڕۆژی ٢٧ی ڕەزبەردا، ژمارەیەک لە میدیاکانی ڕژیم باسیان لەوە کرد کە سێناریۆکانی دەوڵەت سەبارەت بە بردنەسەری نرخی بێنزین تا ٥ هەزار تمەن لەحاڵی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندندایە

لە درێژەی ئەم باسانەدا ڕۆژی ٢٩ی ڕەزبەر فاتمە موهاجرانی بۆ بەلاڕێدابردنی نیگەرانی خەڵک لەئاست گران بوونی بێنزین، باسی یارانەی نەغدی و کالابەرگی ئێلێکترۆنی و عەداڵەت لە بوارەکانی دەرمان و پەروەردە و مەسکەن و باسی تەرحی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ پشتیوانی کردن لە خەڵکی هێنایە گۆڕێ و لەوپەڕی بێشەرمیدا وتی: "هێڵی هەژاری لە ساڵی ١٤٠٣دا بۆ یەک کەس ٦ ملیۆن و ١٢٨ هەزار تمەن بووە و هۆکارە سەرەکییەکەشی گەمارۆکان بوون کە فشاری ڕاستەوخۆیان خستووەتە سەر ژیانی خەڵک". ئەم هەڵێت و پڵێت و قسە بێناوەرۆکانەی وتەبێژی دەوڵەت لە کاتێکدایە کە "ئیلنا" ناوەندی هەواڵی کاری ڕژیم پێشتر ڕایگەیاندبوو کە حەقدەستی کرێکاری شارەزا و مامناوەند لەوانە کارمەندان و مامۆستایان و پەرستاران، کە ٩٠٪ی مۆزدبگیران پێکدێنن، ١٥ بۆ ١٦ ملیۆن تمەنە، بەڵام هێڵی هەژری بۆ بنەماڵەیەکی مامناوەندی سێ کەسی، نزیک بە ٥٠ ملیۆن تمەنە و لە هیچ قۆناغێکی تەمەنی حکوومەتدا فاسڵەی نێوان حەقدەست و هێڵی هەژاری تا ئەو ڕادەیە نەبووە"

سەرەنجام مەسعوود پزشکیان، ڕۆژی پێنجشەممە یەکی خەزەڵوەر لە کۆبوونەوەیەکدا لە وەرمێ دانی بەوەدانا کە: "لە ئەسڵی بردنەسەری نرخی بێنزیندا هیچ گومانێک بوونی نییە. بەڵام قەرار نییە بە بڕیارەکانی خۆمان بۆ خەڵک کێشە و گرفتی زیاتر دروست بکەین. ئاواش نییە من دانیشم و بڕیار بدەم و هەر کەسیش قسەی کرد لەسەری دەم، مەگەر دەتوانم وا بکەم؟" پزشکیان لە کاتێکدا کە دەزانێ حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ وەرشکستەیی قووڵی ئابووری بەرەوڕووە، نەفامانە وادەزانێ کە بە بردنەسەری نرخی بێنزین دەتوانێ "کەلێن و کولێنە" ماڵییەکانی دەوڵەت پڕ بکاتەوە و حقووقی کارمەندانی لێ بدات. بەڵام ئاکامی بردنەسەری ٥٠٪ی نرخی بێنزین لە ساڵی ٩٨ و خۆپیشاندانەکانی ئەو سەردەمی لەبیرە کە دەستبەجێ بۆ زیاتر لە ١٠٠ شار پەرەی ستەند و فەرماندەی عەمەلیاتی بەسیجی کۆماری ئیسلامی بە شەڕی تەواو عەیار ناوی برد و وتی "فەقەت خودا نەجاتی داین". عەلی خامنەیی جنایەتکار بە شەڕەنگێز پێناسە کردنی ناڕازییان، فەرمانی کوشتاری دەرکرد. ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵ، سەرۆک کۆماری ئەوکات،بە هەموو دادستانەکان بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران فەرمانیدا، کە ناوی نان "وابەستەگانی نفووزی و دژی ئینقلاب". لەگەڵ هێزی ئەمنیەتی و نیزامی هاوکاریی تەواو بکەن. لە ئاکامدا زیاتر لە هەزار و ٥٠٠ کەس لە لاوانی ناڕازی و بێدیفاعیان خەڵتانی خوێن کرد، پتر لە ٨ هەزار کەسیان بریندار و هەزاران کەسی دیکەشیان دەستبەسەر و ژمارەکیشیان ئێعدام کرد

بێگومان گران کردنی بێنزین بە ڕێژەی ٣٠٠ تا ٥٠٠ لەسەد ئەویش لە بارودۆخی هەژاری و فەلاکەتی ئێستادا، خەزەڵوەرێکی دیکە، بەڵام بە هەزینەی قورسترەوە، بۆ حکوومەتی ئیسلامی بەدیاری دێنێت. چونکە ئێستا کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین پێگەی خۆی لە ناوە و لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دایە و هێشتا لەژێر باری ئاکامەکانی شەڕی ١٢ ڕۆژەدا پشتی ڕاست نەکردووەتەوە. هەژاری، برسیەتی، بێکاری، گرانی و دابەزینی بەردەوامی بەهای ڕیاڵ، هیچ ڕووناکاییەکی لە ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا نەهێشتووەتەوە و ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی هیچ وڵام و ڕێگاچارەیەکی بۆ ئەم دۆخە نییە



ئەوەش لە کاتێکدایە کە هەموو پرۆژە گەورەکانی ناوخۆ و دەرەوەی حکوومەتی ئیسلامی تووشی شکست بووە. بەڵام بەم حاڵەوە هێشتا خامنەیی و ڕێبەریی سپای پاسداران ڕێگای نەجاتی خۆیان لە درێژەی شەڕەنگێزیدا دەبینن. لە وەها هەلومەرجێکدا ڕێبەران و کارگێرانی ڕژیم کە ئاستی بەرزی ڕق و بێزاریی زۆرینەی خەڵک لە خۆیان دەبینن، یەکجار نیگەرانی گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشن

لە ئاوا بارودۆخێکدا هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، لاوان لە مەحەلات کە هەتا ئێستاش بە خەباتی خۆیان حکوومەتی ئیسلامییان وەتەنگ هێناوە، پێویستە هوشیار بن، ئەمجارە غافڵگیر نەبن و خۆیان بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ وەها هێرشێکی ئاشکرا بۆسەر ژیان و گوزەرانیان ئامادە بکەن.

***

# کارەساتی سامناکی مرۆیی لە سوودان، لەودیوی سنووری خەیاڵ

لە ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ەوە، زیاتر لە دوو هەزار و ٥٠٠ هاووڵاتی مەدەنی لەوانە ٤٦٠ کەس لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی ئەلسعوود لە شاری ئەلفاشر، لە ناوەراستی ویلایەتی دارفۆری باکوور لە سوودان، لەلایەن هێزەکانی ناسراو بە هێزەکانی پشتیوانی خێرا کۆمەڵکوژ کراون. تەرمی بریندارەکان لە نەخۆشخانەکاندا بەجێماون و ئەو پەنابەرانەی کە بەرەو بیابان هەڵاتوون لە بێدەنگی ژورنالیزمی بەکرێگیراودا گیان لەدەست دەدەن. تەنها لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا دەیان کەسی دیکە لە ویلایەتی کۆردۆفانی باکوور تیرباران کران. مارتا ئاما ئاکیا پۆبی، یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئەفریقا لە کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا ڕایگەیاند، ڕاپۆرتی باوەڕپێکراو سەبارەت بە لەسێدارەدانی مەیدانی، کوشتنی بەکۆمەڵ و گەڕانی ماڵ بە ماڵ لە دژی خەڵکی مەدەنی بەدەستمان گەیشتووە. ناوبراو جەختی لەوە کردەوە: "کەس لە ئەلفاشرلە ئەماندا نییە. هیچ ڕێگایەکی ئەمن بۆ هەڵاتنی خەڵک بوونی نییە". هەروەها تام فلێچەر، ڕێکخەری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دۆخەکەی بە ترسناک و بانتر لە تەسەور وەسف کرد و وتی: " ژنان و کچان دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و خەڵک بە شێوەیەکی دڕندانە دەکوژرێن و دەبڕدرێن."

بەڵام ئەم خوێنڕشتنە نوێترین کارەساتە کە ڕیشەی لە دەیان ساڵ هەژموونی چینایەتی و نیوکۆلۆنیالیزم و کێبڕکێی زلهێزە ئیمپریالیستەکاندایە. مێژووی هاوچەرخی سوودان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی کۆلۆنیالیزمی بریتانیا و دەستێوەردانی حکوومەتی میسر دەرک ناکرێت. داگیرکەران لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سنووره دەستکردەکانیان کێشا و نەتەوە و گرووپە جۆراوجۆرەکانیان خستە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەرتەسک و لاوازەوە. ئابووری وڵات بە هەناردەکردنی تاکە بەرهەمی پەنبە بۆ بازاڕە ئیمپراتۆرییەکان وابەستە کرا. پێکهاتەیەک کە دوای سەربەخۆییش هەر وەک خۆی ماوەیە. دەوڵەتانی دوای سەربەخۆیی،لەبری گەشەپێدانی ناوخۆیی، لەسەر بنەمای مۆدێلی سەرمایەداریی ڕانتی و چڕکردنەوەی سەروەت لە دەستی کەمینەیەکی سەربازی-بوروکراتیکدا بەرهەم هێنرانەوە. دارفور و کۆردۆفان و ناوچەکانی باشوور بەرەو هەژاری و برسێتی بردران، بەڵام خارتوم و بەندەری سوودان وەک ناوەندی دابەشکردنی ڕانتی نەوت و بازرگانی مانەوە. لە کودەتاکەی عەبودەوە تا دیکتاتۆری نەمیری و پاشان عومەر بەشیر، هەمیشە پێکهاتەی سیاسی سوودان ڕەنگدانەوەی پەیوەندی ئەرتەش، ڕووحانییەت و بۆرژوازی کۆمپرادۆر بووە. حکوومەتەکان بە پشتبەستن بە هاوکاری دەرەکی و پشتیوانی سیاسی لە لایەن ڕۆژاواوە، بزووتنەوەی کرێکاران و جووتیارانیان سەرکوت کرد. لە دەیەی ١٩٨٠دا، سیاسەتەکانی "چاکسازیی پێکهاتەیی" سندووقی نێونەتەوەیی پارە، کشتوکاڵی سوننەتی و بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لەناو برد و ملیۆنان کەسی بەرەو زاغەنشینی برد. ئەرتەش بوو بە هێزی سەرەکی پاراستنی نیزامی چینایەتی. نەزمێک کە تێیدا جەماوەر بەتوندی دەچەوسانەوە و چینی دەسەڵاتدار دەڵاڵی نێوان سەرمایەی دەرەکی و سەرچاوە ناوخۆییەکان بوو ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی ٢٠١٩ لەدژی دیکتاتۆری بەشیر ساتێک بوو کە کرێکاران و ژنان و گەنجان بۆ یەکەمجار لە دوای دەیان ساڵ هاتنە گۆڕەپانی خەباتەوە. شۆراکان، ناوەندەکانی خەڵک و کۆمیتەکانی خۆڕاگری لە گەڕەکەکان، شێوازێکی سەرەتاییان لە دەسەڵاتی شۆرایی و بەدیلی کرێکاری نیشان دا. بەڵام نەبوونی حیزبی شۆڕشگێڕی کرێکاران و هەژموونی هێزە میانڕەوەکان ڕێگەی بە ئەرتەشدا دووبارە دەستپێشخەری بکاتەوە

هاوپەیمانییەک لەلایەن "ئەرتەشی سوودان" و "هێزەکانی پشتیوانی خێرا"، بە پشتیوانی دەوڵەتانی ڕۆژاوا و بە پشتیوانی دارایی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە وەک عەرەبستان و ئیمارات، کۆنترۆڵی سیاسییان گرتە دەست و بەکردەوە ڕاپەڕینی جەماوەریان زەوت کرد. لە ئاوریلی ٢٠٢٣دا، ناتەبایی باندەکانی دەسەڵات ئاشکرا بوو. دوو باڵی نیزامی ئەرتەش و هێزەکانی پشتیوانی خێرا کە ساڵەها لە دابەش کردنی ڕانت و سەرکوتی خەڵکدا هاودەست بوون، ئەمجارە لەسەر کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی نەوت، زێڕ و بەندەرەکان دەستیان کرد بە شەڕ. ئەم شەڕە نەک دژایەتییەکی قەومی یان مەزهەبی، بەڵکوو شێوازێک لە شەڕی نێوان باندەکانی سەرمایەداری نیزامییە. قوربانییەکانیشی هەر ئەو خەڵکەن کە لە ئاخێزی جەماوەریی ٢٠١٩دا دروشمی ئازادی، ئاشتی و دادپەروەرییان دەووتنەوە. لەئێستادا زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەسی مەدەنی کوژراون و ١٢ ملیۆن کەس ئاوارە بوون. لە دارفۆر لەژێر سێبەری بێدەنگی و هاودەستی دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکان، کە سوودان تەنیا وەک مەیدانی کێبەرکێی ژئوپۆلیتیک دەبینن، دیمەنەکانی جینۆساید بۆ جارێکی تر دووپات دەبنەوە. ڕۆڵی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە قەیرانی ئێستادا بەرچاوە و ئیتر حاشای لێناکرێ. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندەکانی وەک سکای نیووز، ئیمارات بە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە تجارییەکان وڕێگەی ئاسمانی نێوان ئەبووزەبی، چاد و دارفۆر، لە دابین کردنی چەک، سووتەمەنی و سەرچاوەی دارایی بۆ هێزەکانی پشتیوانی خێرا یارمەتیدەر بووە. زێڕی بەرهەمهاتووی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پشتیوانیی خێرا بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕەوانەی بازاڕەکانی دوبەی دەکرێن. واتە ئەو جێیەی کە بووەتە سەرچاوەی داهاتی گەورە بۆ شەڕ. سوودان زۆر جار لە کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا، لەوانە لە سکاڵایەکی فەرمیدا لە دادگای نێودەوڵەتیی داد، ئیماراتی تۆمەتبار کردووە بە دابینکردنی چەک و بەکارهێنانی بەکرێگیراوانی بیانی بۆ پاڵپشتیکردنی هێزەکانی پشتیوانی خێرا

لەماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا، هێزەکانی پشتیوانیی خێرا لەژێر پۆششی ئەم پشتوانییە لۆجستییەدا، جنایاتی ترسناکیان ئەنجام داوە. بۆ نموونە: ئێعدامی بەکۆمەڵی گەڕەکەکانی ئەلفاشر، ئەشکەنجەی بەندکراوان، دەستدرێژی و کوشتنی ژنان و منداڵان، و سووتاندنی پەناگای کەسانی مەدەنی. نەخۆشخانەکان ڕاستەوخۆ کراونەتە ئامانج و تەنانەت پزشک و پەرستارەکانیش بوونەتە قوربانی. ئەم تاوانانە تەنها بە پشتبەستن بەو چەک و تۆڕە داراییە مومکینە کە لە خاکی ئیماراتەوە ڕەوانە دەکرێت. ئیمارات بە ڕواڵەت، بە زمانی دیپلۆماسی باس لە "سەقامگیریی ناوچەیی" دەکات. بەڵام بەکردەوە،یەکێک لە گەورەترین ئەکتەرەکانی سەرمایەداریی ڕانتی لە قاڕەی ئەفریقایە. پشتیوانی ئیمارات لە هێزەکانی پشتیوانی خێرا، درێژەی هەمان لۆژیکی سەرمایەیە واتە: گۆڕینی شەڕ بۆ ئامرازی کەڵەکە کردنی سەرمایە لە ڕێگەی کۆنترۆڵی زێڕ، زەوی و بەندەرە ستراتێژیکەکان

لە پشت ئەم کوشتارەوە، ڕقابەتی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان دیار و ئاشکرایە. ئەمریکا، ڕووسیە، چین و ئیمارات هەر کامیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەندەری سوودان، هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و سەرچاوەی زێڕ هەوڵ دەدەن. هێزەکانی پشتیوانی خێرا پەیوەندی لەگەڵ ئیمارات و کۆمپانیا ئەمنییەکانی ڕووسیەدا هەیە، بەڵام ئەرتەشی فەرمی هاوکاری میسر و ڕۆژئاوا دەکات. بەم شێوەیە، سوودان بووەتە تاقیگەیەک بۆ پێکهێنانی شێوازێکی نوێ لە کۆلۆنیالیزمی ناڕاستەوخۆ. جێیەک کە دەسەڵاتداران بە پشت بەستن بە سەرمایەی دەرەکی، خەڵکی خۆیان دەکەنە قوربانی تا نەزمی جیهانیی سەرمایە بپارێزن

قەیرانی سوودان تەنیا شەڕی دەسەڵاتی ناوخۆیی نییە. بەڵکوو ڕەنگدانەوەی کێبەرکێی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری لەئاستی جیهانیدایە. هێزەکانی پشتیوانیی خێرا، بە پشتیوانی دارایی و نیزامیی ئیمارات، لە ڕاستیدا باسکی چەکداری بورژوازی جیهانی لە ئەفریقان. تاوان لەدژی ژنان، منداڵان و کرێکارانی سوودانی بەرهەمی ڕاستەوخۆی لۆژیکی قازانجە. لە نێزامێکدا کە ئینسان بووەتە کاڵایەکی مەسرەفی، توندوتیژی نەشیاو نییە بەڵکوو مەرجی خۆپاراستن و بەقایە. ئەوەی لە ئەلفاشر لەئارادایە، نەک هەر کارەساتێکی مرۆیی بەڵکوو بەڵگەیەکی مێژووییە بۆ سەلماندنی سرووشتی خوێنڕێژی نیزامی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانی. ئیمارات بە سەرمایە و چەک، ئیمپریالیزم بە بێدەنگی و بەرژوەندی ژئۆپۆلیتیک، هەر دووکیان لە وەڕێخستنی ئەم حەمامە خوێنەدا هاوبەش و هاودەستن.

لە بەرامبەر ئەم کارەساتە ئینسانییانە، لە بەرامبەر شەڕ و کوشتن و ئاوارەییدا، بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمۆنیستەکان و ئینسانە ئازادیخواز وبەرابەری تەڵەبەکان لە سەرتاسەری جیهان پێویستە بە هەر شێوەیەک کە دەتوان پشتیوانی خۆیان لە کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی سوودان ڕاگەیەنن و دەستوەردانی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان و دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە مەحکووم بکەن. شکڵ گرتنی بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانی دەتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی ناوەندە جەماوەرییەکان بگۆڕێت و هیوا بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە بەهێز بکات.

❊❊❊

# شـێعر

## من هێشتا ئینسانێکم

ئەگەر هاتی بۆ سەردانم
قەڵەمێکم بۆ بێنە، قەڵەمێکی ڕەش
دەمەوێ دەم و چاوی خۆمی پێ ڕەش کەم
تا بە تاوانی جوانیم، نەمخەنە نێو قەفەس!
زەربدەرێک لە سەر دڵم بۆ ئەوەی هەوەسی هیچ شتێک نەکەم!
خەت کوژێنەوەیەکم بدەرێ بۆ لابردنی سووری لێوەکانم
نامەوێ کەسێک بە هۆی سوور بوونی، ڕەشم بکات!
بێڵێکی بچووک بێنە بۆ ئەوەی هەموو هەستی ژنانەمی لە ڕەگەوە لێ دەربێنم!
هەموو گیانم بکێڵم....وادیارە بە بێ ئەوانە ئاساییتر دەچمە بەهەشت!
تیغێک بێنە پرچەکانی پێ بتاشم، با بایەک لە سەرم بدات و
بە بێ لەچکە تاوێک بیر بکەمەوە!
دەرزی و دەزوویەک بۆ دووریني زمانم
چونکە بەو پێیە هاوارم لە قورگمدا دەخنکێ!
مەقەستت لە بیر نەچێ
دەمەوێ هەموو ڕۆژێک هزر و بیرم سانسۆر بکەم!
پودری جل شۆردنیشم پێویستە
بۆ ئەوەی مێشکمی پێ بشۆمەوە
ئەو جا کە شۆردمەوە هەڵی دەخەم
بۆ ئەوەی با، ئامانجەکانم لەگەڵ خۆی ببا و ئیتر نەی بینمەوە!
دەزانی خۆ؟ دەبێ ڕاستگۆ بین!
دەنگ بڕێکت ئەگەر دەست کەوت بی هێنە
دەمەوێ ئەو کاتەی بە تۆمەتی عیشق و عاشقی
پێم دەڵێن فاحیشە
ڕق و قینم لە گەرودا بخنکێنم!
کۆپیەکیش لە پێناسەکەم دەوێ
بۆ ئەو کاتەی کە برا و خوشکە دینیەکانم دەیانەوێ ئیرشادم بکەن
جوێن و سووکایەتیم پێشکەش ئەکەن
بیرم بێتەوە کە من کێم!
تکات لێدەکەم ئەگەر دیت لە شوێنێک ماف دەفرۆشن
بۆ منی بکڕە، با بیکەمە ناو پێخۆرەکەم
وام پێ باشە بەر لە ئەوان مافەکەی خۆم بخۆم!
لە کۆتایشدا ئەگەر پارەیەکت بۆ مایەوە
پلاکاردێکم لە چەشنی ملوانکە بۆ بکڕە
بیکەمە ملم.....بە پیتێکی گەورە لە سەری بنو و سم
من ئینسانێکم، هێشتا من ئینسانێکم
من هەموو ڕۆژێک ئینسانم!

**ن :غادە السمان**
**و: م. ک**

***




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــڕەو
ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧